دەوڵەتی کوردی و دیباتی نەوان کۆمۆنیزم و ناسیونالیزم! … سامان کەریم

لەم دووایی یانەدا و لە ماوەیەکی کورتدا، ژمارەیەکی هەجگار زۆر و فراوان لە نووسین و ووتار و چاوپێکەوتن بۆ زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی لە پێگۆ و مالپەڕ و بلاوکراوە و کەناڵە ئاسمانیەکاندا بڵاوکراونەتەوە لە سەر پرسی ڕیفراندۆمی کوردستانی عێراق، "ڕیفراندۆمی 25.09.2017 ی بارزانی" چ لە لایەن لایەنگران یان نەیارانی ئەم سیاسەتەوە. لە نوسەران و ڕابەرانی نەو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی خەمانەوە بۆ هەر سێ چوار حزبەکەیەوە بگرە تا دێگاتە ئاغای عبداللەی موهتەدی و بەڕێزان سەمیر ئەمین و مەسعود بارزانی و مەسرور بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و محمود محەمەد و مەلا بەختیار و شاسوار عەبدولواحید وهەنەری لیقی و... لیستەکی درێژ. ئەوەندەی پەم کرا، خوێندەوە و گوێم بۆ شلکردن بۆ هەر سێ زمانی فارسی و کوردی و عەرەبی. تەواوی ئەو نووسراو وچاوپێکەوتنانەی کە لە نەو بزوتنەوەکەماندا پیادەکراوە و نووسراوە، خوێندەوە و گوێمگرتەوە لێیان و سەرنجم دانەوە.

لە نەوان مان ونەمانی کۆشە نەتەوەیی یەکاندا

لە نەو هەردوو بزووتنەوەی ناسیونالیستی و کۆمۆنیستی، باسکم نەدی کە ڕۆشنی بکاتەوە چۆن کوردستان دوای جیابوونەوە لەم هەلومەرجەدا، ووڵاتێکی ئارام دەبێت ودوور دەبێت لە کۆشەی نەتەوەیی. چۆن بەهەی سەربەخۆیی کوردوستانەوە دێگەینە "ئاشتەوایی نەتەوەیی"؟!. لە هیچ ووتارێکدا، کە دووا ووتاریان لە بزووتنەوەی ئەمەدا تا نوسینی ئەم باسە ووتاری هاوڕێی خۆشویست خەسرەو سایەم "ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کام سیاسەتی کۆمۆنیستی. وەڵامێک بە هاورێ سامان کەریم" ، نەمخوێندەوە و نەم بیست کە چۆن کوردوستانێکی سەربەخۆ دەبێتە هەی چارەسەرکردنی کێشەکان و" کۆشەی کورد بە ستەمی نەتەوەیی، چونکە ئەم ستەمە نەماوە" چارەسەردەکات. وە چۆن دەکرێت ئەم کێشانە چارەسەر بکات کە لە نوسین یان چاوپێکەوتنی چەند هاوڕێدا هاتووە. منیش هاوڕام کە ئەوکێشانە هەن، بەڵام باس لە چارەسەرکردنیەتی بەهەی سەربەخۆیی یەوە. چەند نموونەیەک لە وانە : "مەسەلەیەک کە لە پەیوەند بەدەوڵەتی عێراق وفیدرالیزمێکی قەومی و

دابەشبوونە تایەفەگەریە دینیەکانەوە، کێشمەکێشی نێوان ناسیونالیزمی کورد و عەرەبی لەحالەتێکی تەقلیدیەوە گۆیوە بۆ زەلکاوێک لەتەفرەقەی قەومی کە هەردوولا لەسەر حسابی ژیان و ئارامی کەمەڵایەتی خەڵک لەسەری دەلەوەڕن." سەربەخۆیی کوردوستان دەبێتە دەسپێکی قۆناغێکی تازە لە خەباتی چینایەتی نێوان چینی کرێکاری کوردوستان و بورژوایی کورد بەبێ هیچ بیانوویەکی چەوساندنەوەی نەتەوەیی (بەیار بوو ستەمی نەتەوەیی نەمابێت) یا هەر بیانوویەکی دیکە" (تەئکیدەکە و کەوانەکەی ناوەوە هی منە)!! یان "لە ئێنجامدا تەنیا گۆڕانەوە بە ڕەئیسی ڕاستەوخۆی خەڵکی کوردوستان لە یەفراندەمێکی ئازادا دەتوانێت کۆتایی بێنێت بەو مەسەلەیەی بۆتە بناغەی کێشمەکێش و جەنگ و ململانێ ونیفاق و دابەشکردنی خەڵکی هاوچارەنووس"، " دەسەڵاتی کورد بە ئاسانی بە سازکردنی هەرا لەسەر مەسەلەیەکی قەومی وەکو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، مادەی ١٤٠ی دەستور و بڕشی کورد لە دەسەڵات و داهات، ڕووی خەڵکی بەدەنگهاتوو لە دژی خەیان وەردەگێڕن بەرەو بۆغدا و لە پشتی سیاستەکانی خەیانهەڵیاندەخەڵنن. ئەوەندە بەسە کە وای نیشانبدەن جارێ شەڕ لەسەر بڕشی کوردە لە عێراق"... کێشەکان هەموو ڕاستن و لەوە زیاترن و لە ژماردن نایەن. بەڵام بەیار نیە سیاستی کۆمۆنیستی دووبارە نوسینەوەی کێشەکان بێت. گۆڕگرتن لە هەواڵەکانی ڕۆژانە بەسە بۆ ئەوەی هەموو کەس بزانیت کە کێشەکان چین، سیاستی کۆمۆنیستی دەبێت بە شەوێکی مەلموس و کۆنکرێت نیشانی بدات کە ئەو کێشە نەتەوەیی یانە بەهۆی سەربەخۆیی یەوە لەم سەردەمدا(نەک هەموو کات) نامێنن. کۆمۆنیزم "زانستی ڕزگاری کرێکار" بە قەولی ئێنگلس. کەواتە بەخەڵک و کرێکارانی ڕۆشن بکەنەوە کە چۆن ئەو کارە مەیسەر دەبێت لەم قۆناغدا؟! لەم بارەوە وەڵامێک نیە. هەموو ئەو حزبانە و هاوڕێیان دەبێت بە خەڵکی ڕۆشن بکەنەوە کە دوای یەفراندەم و سەربەخۆیی، ئیتر ناسیونالیزمی کورد و حزب و دەسەڵاتێکی ناتوانێت ناوی کورد و کێشەی کورد بەکار بەرێت و جەنگ بەناوی کوردەوە بکات!!! ئەمە لە خەیاڵیش کەمترە، بە ڕام لە ناو باسی هاوڕێیاندا بە ڕۆشنی دەبینین. یان لایەنی کەم ئەو پەوپاگەندانە زەمینەی نامێنێت!!.

باسی سەرکی بۆ ئەوەی کە سیاستی کۆمۆنیستی لە ناسیونالستی جیابکاتەوە لە هەنگاوی یەکەمیدا ئەوەیە کە پیشان بدرێت بۆ هەی ئەم یەفراندەمەوە(یەفراندەمی ٢٥.٩) ئەم کێشانە چارەسەر دەبن. کێشەی نەتەوەیی نامێنیت. نموونەیەکی سادە، هەرکەس و هەر هاوڕێیەک پێی وایە کە ئەم یەفراندەمە دیاریکراوی بەردەممان دەبێتە هەی

چارەسەری ناوچە جیاکەرەکان، دەبێت نیشانی بدات چۆن و بە کام ڕێگا؟ ئەگەر ڕیفراندەم ئەو ناوچانەی نەگرتەوە ئەو سیاسەتە چی بەسەر دێت؟! ئایا ئەگەر بەشێکی گرتەوە و بەشێکی دیکەی مایەوە چی؟! چونکە ئەگەر لەم ناوچانە یان لە بەشێکی دا ڕیفراندەم نەکرێت ئەوە ئیتر هەموو ئەوباسانەی هاوڕێیان سەبارەت بە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی، دەچێت بەهەوادا… تازە ئەمە یەک خاڵە. وەڵامی ئەمە ئەوە نیە کە کاک مەسعود ووتوێتی دەکرێت، وەڵامی کەمەنیستەکان چیە؟! ئەگەر نەکرا چی؟١ نەک وەک لێکدانەوەکەی هاوڕێی ئازیزم خەسرەو کە باسی ئاڵوگۆڕی سیاسەتی خەیان دەکات لە نەوان دوو بەیاننامە جیاوازەکەیاندا، هەموو ئاڵوگۆڕکان دەباتەوە سەر ئەوەی کە ئاڵوگۆڕ لە قسەی بارزانیدا ڕوویداوە!!!!. ئەوە لێکدانەوەی بابەتی نیە چ جا کەمەنیستی. من نازانم لە کوێوە کەمەنیستەکان بە پەی قسەی بارزانی سیاسەتیان گۆڕیوە و، بارزانی بۆتە جێگای باوەڕمان. ئەوە دەبێت هاوڕێ خەسرەو وەڵامی بداتەوە. تاکاتێک ئەوە وەڵامکی ڕۆشن وەرنەگرێتەوە، ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی ناسیونالیستی و سەربەخۆخوازانەیە و پێوەندی نامێنیت بە بەرژەوەندی خەڵک و کرێکارەوە. بە تایبەت کە کێشەی نەتەوەیی لەمێژدا و لە کوردوستانی عێراقدا سەرهەڵدای ئەوەی بوونی هەیە، بەڵام بەبێ پایەی ستەمی نەتەوەیی. کە نەبوونی ئەم ستەمە دەبێت وا لە کەمەنیستەکانی سەردەمی ئەمە بکات کە زیاتر و بەهەستیاریی یەکی ووردتری ئەنتەرناشیونالی وکەمەنیستی یەوە سەرنج بدەینە ئەم باسە. بە مانایەکی دیکە باسەکەی ئەمە لە چوارچێوەی باسەکانی لینین و مەنصور حیکمەتدا سەرهەڵدای ئەوەی کە پاشخانێکی فکری وسیاسی گۆڕ و گرینگن، لێک نادرێتەوە، چونکە باسی سەرکی ئەوان بوونی ستەمی نەتەوەیی یە. بەکورتی وەلامێک لە نەو هەموو ئەو باسانەدا نیە لەمبارێیەوە.

لە نەو بارەی بورژوواییدا و بەتایبەت لە نەو پارتی دیموکراتدا دەکرێت ووتەی کاک مەسرور بارزانی بهێنینەوە لە سالەنکانی کۆنگرەسی ئەمریکی دا "مافی چارەی خۆنوسینی کورد دەبێتەهەی خۆشگوزەرانی و گەشەسەندن و سەقامگیری. http://www.nrttv.com/Rifrandom/detail.aspx?Jimare=79362 ٢٧.٧.٢٠١٧" هەروەها "ئەمە ڕەگەی جودامان لەگەڵ عێراق هەبژاردووە کە دیموکراسیە و بە دیالۆگ لەگەڵ بەغدا کێشەکانمانی پێ چارە بکەین کە ئەمە دنیایمان هەبە لە جیهاندا بێیە دەبە ریفراندەم ئەنجامبدرێ و ئەنجامەکێشی دەبێتە بنەمای گفتوگۆمان لەگەڵ بەغدا.٢٨.٧.٢٠١٧)هەڵی تەئکید هی منە. کاکە ڕیفراندەمی دەوێت بە

گفتووگۆ، نەک بۆ سەربەخۆیی. سەرنجی وورد بدەن لە قسەکانی بارزانی. (http://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=101996).
هەروەها فەیلەسوفی نەکاری ناتۆ و ئەمریکا و ئەندازیارەکی هەرشی ناتۆ بەسەر لیبیا دەڵێت؛ "دواجار و پێچەوانەی بەچوونی نەیارانی سەربەخۆیی هەرەمی کوردستان؛ ئەو سەربەخۆیی یە و دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەکاری سەرکی ئاشتی و سەقامگیریی یە لە ناوچەی هەژهەژاتی نەوەستاوا استدا.(فەیلەسوفی فەرەنسی : بیردنارد هەنەری لیڤی- وەرگێرانی عەلی بەداغی/ http://www.kurdistanukurd.com/?p=23840).

لەرشدا و لەم بەرەیشدا پەمان نادەن چۆن ئەو کارە مەیسەر دەبێت. مەگەر جەنابی فەیلەسوف پێش کاولکردنی لیبیا و "شۆشی ناتۆ" هەمان پەیمانی ئاشتی و دیموکراسی نەدا بە خەڵکی لیبیا؟! وبەشیک لە کەمەنیزمە کەیکاریکانیشی لەگەڵ بوو!!. کاک مەسرور دەڵێت "دەبێتە هەی خوشگوزەرانی و ....سەقامگیری" بەڵام چۆن و بەکام پەوانە و دەلیل "واز لە خۆشگوزەرانی بێنە" دەبێتە هەی سەقامگیری ؟ هیچ دیار نیە. ئەم پرسەیش پێسەی ئیفراندەم بەهەمان شێوە بە لیبیایکردنی ناوچەکەیە بە کوردوستانیشەوە. کەسێک لەمە نەگات وا دیارە مێژووی ئەمریکای لە بیر چۆتەوە، هیرۆشیما و عەراق و سالی ۱۹۹۱ و ۲۰۰۳ و تەنانەت باسکانی مەنصور حیکمەتی لەسەر موهەتدی لە بیر کردووە. بە لیبیایکردنی ناوچەکەیە جا لەوانەیە کوردوستانیش سەربەخۆ بێت، بەڵام ئەمە چ پەیوەندی بە سیاسەتی کەمەنیستیەوە هەیە؟!. لەناو شین و واویلای نەتەوەکانی دیکەدا، لەجەرگەی گریمانەی خوقاندنی سیناریۆیەکی مەترسیدار لە ئێران و سوریا و تەنانەت تورکیادا، لە تەپکی بە ئیرادەیی خەڵک و ترس لە جەنگ و برسەتی و ئاوارەیی دا، سەربەخۆیی کوردوستان تەنها بە بالای ناسیونالیزمی کورد دەبێت.

بە ئەوەی زۆرتر بێت دەبێت هاوڵێیان پەمان بڵێن کە سەربەخۆیی و ئیفراندەمی 25.09 لایەنی کەم کەشە نەتەوایەتیەکان چارسەر دەکات. بەمان زۆشن بکەنەوە، ئەگەر نا ووتنەوەی کەشکان سوودی نیە. پەمان بڵێن بەپێی کام فاکت و بنەما و سیاسەت لەناوچە جەناکەکان ئیفراندەم دەکرێت؟! ئەگەر نەکرا چی؟! پەمان بێین لەسەر بردنی نەوتی کەرکوک کەشە دروست نابێت و ئیتر دەسەڵاتدارانی کورد بە ناوی کەشەی کوردەوە ناتوانن خەڵکی کوردوستان بە لادا بەرن؟! ئەگەر وەڵام هەیە زەر باشە. ئەگەر نیە هەموو باسکان و سیاستێک کە گیراوەتە بەر بە ناوەرۆک دەبێت و ئەو باسش مایە پوچ دەبێت کە

دەبێت ئەم سیاستە دەبێتە هۆی"شن بوونەوەی خەباتی چینایەتی لە کوردوستان".

بەڵام گریمان من هەڵەم و هاوڕێیان ڕاستی دەڵێن و سیاستی حزبمان لە کوردوستان سیاستێکی کۆمۆنیستی یە و دەبێت بەڕین و دەنگ بدەین و بڵێین "بەڵێ". گریمان ئەوە ڕاستە. بەڵام ئەگەر هەموو باسی هاوڕێیان ڕاست بێت و هەموو کۆشش نێتەوەیی یەکان چارەسەر بکرێن و بگەینە "ئاشتەوایی نێتەوەیی" بە قەولی لینین، هێشتا ئەمە خاڵێکە و مومکنە لە هەلومەرجێکی ئاسایی مێژوویدا هەموو خاڵەکان بێت، بەڵام بە موتڵەقی لە هەلومەرجی ئەمرۆ و ئەم سەردەمەدا، تەنها یەک خاڵە. خاڵێکی دیکەی کۆمۆنیستەکان و گرنگتر لە خاڵی یەکەم، بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارە لە ئاستی ئینتەرناشیونالیدا، کە لەم هەلومەرجە مێژوویی یە و لەم کۆشە دیاریکراوەدا، زیاتر زەق دەبێتەوە و ئەولەویەتێکی زیاتر پەیدا دەکات. بە ئەم باسە دیسان وە جارێکی دیکە، ئەگەرچی بە شێوازێکی جیاواز پێویستە باس لە قەناغی ئێستا و ئەو ئامانج و ئیستراتیژە بکەینەوە کە سیاستی ئیفراندەم و سەربەخۆیی تیایدا هاتۆتە پێشەوە. ئەم سیاستە لە دوورگەی دوور لە ووداوەکانی ناوچەکە ناتوانێت هەبێت و بێشکی لێک هەڵپەکراوی تەواوی کۆشکانی ناوچەکەیە. باسەکە بەوە تەواو نابێت کە بڵێین "دوای داعش" چونکە یەکەم داعش تەواو نەبووە و لەسەر دەستی بورژوازی داعش تەواو نابێت "ناوی داعش ناهێم". وە دووەم : پەڕەی داعش خۆی بێشک بووە لە خوقاندنی ئەم هەلومەرجە.

ئینتەرناشیونالیزم یان ناسیونالیزم

سیاستی ئیفراندەم و سەربەخۆیی سیاستێکی لەکەڵی نەوخۆی عەراق یان کوردوستانی عەراق نیە. بێشکە لە ئامانجێکی گەورەتری ئەمریکا و هاوپەیمانانی بە دووبارە داشتنەوەی نەخشەی سیاسی ناوچەکە. سیاستێکی ماکرۆ بێشیک لە ئێستراتیژی ئەمەی ئەمریکایە بە چارەسەی کۆشە بناغەییەکانی بورژوایی جیهانی، دروست وەک کۆشەی ئێستای کوریا. ئەم سیاستە بە دووبارە بەهێزکردنەوەی پێگەی ئەمریکا و دەرپەندانی مونافسەکانی ڕوسیا و چین لە ناوچەکەدا لە ڕێگای لاوازکردن و پێوەباکردنی کەماری ئیسلامی ئێرانەوە. ئەمە تاکەی درێژەی دەبێت ڕوشن نیە لە ئێستادا. هەمان ناوەڕۆکی سیاستی ئەمریکی ساڵی ١٩٩١ لە جەنگی کەندا و "ڕزگارکردنی کوەیت" دیارە ئۆکات ئامانجێکی هەم جیاواز و هەم گەورەتر بوو. ئەمریکا مونافسی نەبوو. ڕوسیا و چین نەبوون و ئێرانیش هێز نەبوو لە ئاستی ناوچەکەدا.

بە ئەم ئامانجە، لە سەرەتاوە داعش دەبێتە پرۆژەیەکی سیاسی بە ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەکەدا. پاش سەرنکەوتنی ئەم پڕۆژەیە "ئۆگەرچی لە سەرەتاوە کەمڵەک ئامانجی پەکا"، ئەمرە مەسەلەی پەکهەنانی دووەتی کوردی بە ئەمریکا هەجگار بوو مەسەلەیەکی گرینگ. بەیار بوو دووەتی سوننی داعشی لەپال دووەتی کوردی دا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دابین بکەن لە پاڵ ئیسرائیلدا. ئەمە دوای سەرنکەوتنی پرۆژەی داعش ئاوگڕی گۆڕی بەسەردا هاتووە. گرینگییپێدانی مەسەلەی کورد بە ئەمریکا لە تەواوی ناوچەکەدا زۆر زیاتر چەتەسەر. سەیری دووەمستەفاکە و دوو دیموکراتەکەی ئێران و ئاغای چڵەبی ئێران "موهەتدی" بکەن لە کوردوستانی ئێران. هەروەها پەیوەندی و کەمەکی ئەمریکا بە پەیدەشنە و سەرنج بدەنە پڕۆژەی فیدرالیزمی ئەم حزبە لە سوریا، کە بەهەی بوونی ژن و جەنگاوەرانی ژنەوە لە ئیزکانیاندا زۆر هاوەی پەیان وابوو ئەم هەزە ناسیونالیست نیە. لەلایەکی دیکەوە دوای سەرنکەوتنی پڕۆژەی داعش هەڵی تورکیا و قەتەر بەشەویەکی بەرچاو لە کەی سیاسەتی ئەمریکی دا هاتە خوارەوە "ئۆگەرچی لەم قۆناغە ئینتقالیدا، ئاڵۆگۆ لە سیاسەتی ئەم ووڵاتانەدا، عادەتە و ئاسایی یە".

لەم چوارچێوەیەدا پرۆژەی ئیفراندەمی بارزانی و پرۆژەی بەڕێی کوردوستانی ئێران و کۆمەکەی قازی و موهەتدی و هەردوو دیموکرات و گیان بەبەراکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران لەمسەری ئاستی شاهنشاخوازیەوە تادەگاتەوە هەجوی و نەتەوەییەکان و ئیزکی فراوانی نێو چەپی ئێران، هەروەها دووبارە سەرهەدانەوەی پەوپاگەندە و سیاسەتی "ئەسەد هیچ دەورکی نیە لە ئایندەی سوریا" لەلایەن سعودیەوە، سزا تازەکانی ئەمریکا بە سەر ئێران و قسەکردن لەسەر هەڕەشانەوەی "هەکەکەوتنی ئەتەمی نەوان ئێران و پێنج بە زیادەی یەک" (سەرەڕای ئەوەی کە ئەم کارە بە ئەمریکا هەجگار سەختە لە ئەستادا)، نانەوەی جەنگ و شە لەسەر سنوری نەوان عەراق و سوریا و، پرۆژەی تازەی کاک شاسوار عەبدولواحد "جوانەوەی نەخەر" (بە ووتارێک یا گرتەیەکی ڤیدیویی جیاواز لەسەر ئەم بابەتەی شاسوار قسەدەکەم)، سزاکانی ئەمریکا بەسەر ڕوسیادا… هەموو ئەوانە پکەوە بە ئیزافەی کەی هەلومەرجی ناوچەکە و ململانێی توندی نەوان ئەمریکا و ڕوسیا بە تایبەت … لە دووتەیی یەک ئامانج و سیاستدا دەچیتە پشەوە بە ئابووقەدانی ئێران و ڕوسیا و بە دوورخستنەوەی ڕوسیا و لاوازکردنی پگەکەی لە ناوچەکەدا. هاوکات بە پچاندنی پەیوەندی زەمینی نەوان ئێران و سوریا و و بەم پەیە تشکاندنی

هیوای ئەران و پاشان چین بۆ گەیشتن بە دەریای سپی (ئەگەرچی دەوڵەتی کوردی ئەم کارە بەتەواوی مسۆگەر ناکات بەڵام زەر سەختی دەکات بۆ ئیران) و هەروەها کەتایی هێنان بە خەونی ناردنی نەوت و گازی ئیران لە ڕێگای بەریی یەوە بە دەریای ناوەڕاست و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا. ئەران هەر ئێستا خەریکی دانانی ئاڵتەرناتیڤی خەیاتی و هەم هوشیاری دەدات لە دژی ئیفراندەم. هەفتەی پێشوو وەزیری نەوتی ئەران و عەراق لە تەهران یەکەوتن لەسەر ناردنی نەوتی کەرکوک و نەفتخانەی خانەقین لە ڕێگای بەریی یەوە بۆ ئەران بۆ پاکردنەوە و جیاکردنەوەی بەشەکانی "تکریر". لەم چوارچێوەیەدا پەیوستە ئیفراندەم وسیاسەتی سەربەخێیی تێبگەین.

لەگەڵ شایی کوردەکانی عەراقدا، ئەمە خەریکی تەعزیە و کوڕەوری و مەینەتی کوردەکانی ئەران و خەڵکی ئەران دەبین لە سایەی چاڵەبی و عەلاوی و بارزانیەکانی ئەراندا. لایەنی کەم ئەم سیاسەتە ڕەشنە و ژمارێیەکی بەرچاو لە هاوڕێیان نوسینی دروست و سیاسەتی مارکسیستیان نیشان داوە، لەسەر تەکچونی هەلومەرجی ئەران و مەترسیەکانی ئەم دەخە. بەڵام کەسپەکە ئەوێیە کە بە پێیوند بە هەلومەرجی کوردوستان و پیادەکردنی ئیفراندەموە، باس دەکرێت. وەک ئەوەی ئیفراندەم و هەلومەرجی ئەران لە دوو هەسارەی جیاوازبن. هەروەها خەریکی شڕو توندبوونەوەی کەشەی قەومی دەبین لە سوریا و تورکیادا. هەر ئێستا لە سوریا دا کەشەکە بەرەو توندبوونەوە کشاوە. بەهەمان شێوەی ۱۹۹۱، ئەوکات لەسایەی شایی ولەغانی دەسەڵاتگرتنی ناسیونالیزمی کورددا کە ئەمەش کەم تا زەر بەشداربووین، خەڵکی عەراق غەرقی تاریکی و کوشتن و جەنگێکی خوناوی بوو.

ئەمەش هەمان سیناریۆیە بەڕام هەلومەرج و هەز هاوسەنگیەکان گەڕاون و هەجگار مەترسیدارترە. لەم ڕوانگەیەوە بەشداریکردن لە پرسەیەکی ئاوەهادا و شایی گەڕان لە کوردوستانی عەراق بە سەربەخێیی، لەسەر کاولکردنی شوێن و ناوچە و ووڵاتکانی دیکە، پەیوندی نیە بە کەمەنیزمەوە بەڵکو ناسیونالیزمە. ئەمە زەربەیەکی دیکەی کوشندە دەدات لە خەباتی کرێکاری و هاوچارەنوسی چینایەتی لە گشت ناوچەکەدا. ئەمڕە پاش نزیکەی سی ساڵ بەسەر جەنگی کەندەاوی ئەمریکادا، ئیتر سیاسەتکەی ئاوەها کاریکاتێرە یان لەوە خراپترە. لە هەلومەرج و واقعیەتیکی دیکەدا، کە لەجیاتی یەک زلهێز چەندین زلهێز کەشەو ململانێ توند و شێیانە لە ناوچەکەدا. کەمەنیستەکان لە هەلومەرجکی وەهادا ڕێگای سێهەمیان هەیە. هەر ڕێگایەک بە

کوتنەو بەرەیەکەوە هوشیارانە یان ناهوشیارانە، ڕاستەوخۆ بە دژی سیاسەتی کۆمۆنیستی و ئینتەرناشیونالی تەواو دەبیت. لینین ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر ڕابەت شڕشی کرد، نەچۆڕ پاڵ هیچ لایەکی جەنگی یەکەمی جیهانیەوە، بەڵکو بە ڕەحمانە خەباتی سیاسی و تیوری لە دواجاردا ڕابەری شۆڕشی کردو ئیگای سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری گرتە بەر. هەڵومەرجەکە زۆر جیاوازەو، بزوتنەوەو حزبەکانی ئەمڕۆ لاواز، بەڵام ئیگای سەهەم هەیە، ئەویش لایەنی کەم ئەوەیە کە بەشیک نەبین لەسایەتی ئەمریکا وئاشوب وفێوزایەک ناوچەی گۆڕە، کە ناوەڕۆکەکەی تەکچونی هەڵەو،مەرجی ناوچەکە دەبەت بە ئاقارێکی ترسناکی توندبونەوەی کێشە نەتەوەییەکان و شڕی لەسەر شوناسی نەتەوە… ئەمە مەترسیە دەبەت بەوردی کاری لەسەر بکریت و پێشی پێبگیریت. نەک ببینە بەشکی. وەک چەند جار وتومە لەهەردووڵای " نەخیر"و " بەڵی" بزوتنەوەی ئەمە لەم هەڵومەرجە دەستکەوتیك بەدەست ناهێنیت. بەڵام مەسەڵەکە ئەویە کە دەبینە بەشیک لە قوبونەوەی کێشە نەتەوەییەکانی ناوچەکەو پرۆژەی جارەسەرکردنی کیشەکانی بورژوایی جیهانی، بەرژوەندییەکانی ئەمریکا؟! دەبەت نەبین. بەبروای من کات درەنگەو دەبەت فریا کەوین.

هاوێیان خێیان نادەن لە هیچ لێکدانەوێیەکی سیاسی لەهەڵومەرجی ئەمڕۆدا. زۆرێان هەر ڕاستەوخۆ دڵیەن "لە 20 ساڵ" لەمەوپێشەوە دەبوایە ئەمکارەمان بکردایە. زۆربەیان 1995 بەتە پایە بەیان، کە هیچ پێوەندییەکی بە ئێستاوە نیە و دوو هەڵومەرجی تەواو جیاوازە. لەم تەوەرێدا پێویستە هاوڕێیان بیسەڵمێنن وە نیشانی بدەن کە کوردوستانی عێراق دوورگەیەکی دوورە و پێوەندی نیە بە ئاڵوگۆڕ و جەنگ و کێشکانی ناوچەکەوە، پێوەندی نیە بە چارەسەرکردنی کیشە پایەکانی بورژوایی جیهانیەوە. پێویستە لەسەریان نیشانی بدەن کە ڕوودا و سیاسەتکان بە پێوەندن.

دەڵێم هەشتا ڕۆژگا ماوە لە ڕۆژگای ڕاخنەیەکی کۆمۆنیستی یەوە خەمان ڕۆزگار بکەین لەم سیاسەتی حزبمان لە کوردوستان گرتوێتیە بەر، ئۆگەر ئەوە ناکرێت، دەکرێت بەڕێشنی بەینین کاتی دیاریکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەسراوەتەوە بە گفتوگۆوە، ئۆگەر ئەوش بەدروست نازانن، ئەوەندە بەسە بەینین لە ناوچە جەناکەکان ێیفراندەم ناکریت بێیە ئەمە سیاسەتکی دیکە دەگرینە بەر. کە ئەم خاڵە لە پرینسیبەکانی بەیاننامەی حزبمان هاتووە لە کوردوستاندا. وە ڕۆژگای دیکەش زۆرە.

چەند سەرنجکی جیاواز و خرا

یەکەم: تەنیا ئەو کەسانە بە چاوێکی دیکە بینین کە لەگەڵ ئەوەی هاوڕا نین، تا ئەو ئاستەی دەگاتە ئەوەی کە "ڕەفاندەم یەک جار ئەنجام دەدرێت". بە شێوەیەکی کارەکاریش ئەم "یەک جارییە" دروست نییە چ جا بگات بە ڕەفاندەم. لە کیوبیک لە کەنەدا تا ئێستا دوو جار کراوە و خەریکی جاری سێهەمن. لە ئوسکەتلەند جارێک کراوە و پەرلەمانەکەی بەیاری جاری دووەمی داوە... باسی ئەوەی کە "ڕەفاندەم یەک جار دەکرێت" زۆر دوورە لە ڕاستیەوە. باس باسی هەز و هاوسەنگی هێزە. ئەگەر هەز هەبێت هەموو چەند ساڵ جارێک دەکرێت پیادە بکرێت. ئەم تەنیا نیە، بەیاری داوە کەمەنیزم هەر بەهێز بێت، خەی فرسەت نەخولقێنیت، هەرلاواز بێت. تازە باسی ڕەفاندەمیش، کە باسێکی تاکتیکیە و لەوانەیە زۆر بەرەنگاری و کێشەی لەسەر نەبێت بە بەراورد لە گەڵ شەرشی کەرکاری یان بە گشتی لەگەڵ هەر شەرشێکی جەماوەری دا. یان تیەوانین و بانگەوازکە بە خەڵک دەڵێت خیرا کەن و هەر ئەم فرسەتەیە، ئەگەر نا ئیتر، ڕەفاندەم نابیننەوە!!. بانگەوازێکی نابابەتی و دوور لە ڕاستی بە ڕاکشانی خەڵک.

دووەم: تەنیا نیە کە دیکە ئەو دابەشکردنەیە بەسەر ماڵەوە و جیابوونەوەدا. ئەوە دروستە کە ڕیفراندەم بە ئەم پرسیارە دەکرێت. بەڵام ئەمە ژیانی کەمایەتیە و ماتماتیک نیە، تازە ماتماتیکیش بوارێکی تەدایە. لە هەردوو بارەکیدا دەکرێت ژیان باشتر بێت یان خراپتر بێت ئەوە پەیوەندی بە هەڵوەشەوە هەیە. ئەگەر بزووتنەوەی کرێکاری و حزبەکەی بەهێز بن لە هەردوو بارەکەدا دەتوانن کاری خۆیان بکەن و خواستی خۆیان بەشێکی بسەپێنن بەسەر بورژوایدا. ئەمە یاسای بزووتنەوەی مێژووە. بەڵام لە زەربەی نوسینەکاندا ئەمجارە لە هەردوو بارەی کەمەنیستی و بورژواییدا ئەوە چەندین بار زەق دەکرێتەوە کە لەژێر سایەی فیدرالیەت و زام و کێشە و نەفرەتی نەتەوەیی، یان لەسایەی حکومەتی بەغدا کە نان وموچەیان لەبڕان و ماددەی ١٤٠ یان جێبەجێنەکرد... ئیتر ژیان ناکرێت، یان جەهەنەم دەبێت لەسایەی "فیدرالیزمی قەومی کەنەپەرستدا" یان " لە سایەی هێز نەگرتن لە دەستور"... بە ئەمبەری وایە و من هاوڕام لە گەڵیدا. بەڵام بە ئەوبەریش هەر وایە و ژیان ناکرێت لەسایەی دەسەڵاتی میلیشایی و نەوت بەرو سەرکوتکەردا، ژیان ناکرێت لەسایەی دەوڵەتکی کوردی کە لە پشدا مژدەی لە برسا مردن بە دانیشتوانەکەی دەدات، ژیان ناکریت لە سایەی دەوڵەتکدا کەبشکە لە سیاسەتی بەهەزکردنەوەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا .... لە سەرەوە ئاماژەم بەوە کرد کە هیچ هاوڕێیەک ئەوەی نەخستەتە ڕوو کە کێشەی

نەتەوەیی چارەسەر دەکرێت لە ڕێگای ڕیفراندەم و سەربەخۆیی یەوە. بەم مانایەش مەسەلەی جەنگ و کێشەی نەتەوەیی لەسەر هەر خاکێکی سەر سنور کە 1400 کم گریمانەیەکی گەورەیە. ئەمە ئۆگەر واز لە دەیان کێشەی دیکە بهێنین، کە هەرئێستا بە بەر چاومانەوە دێت و دەچێت. پەم وایە وەک کەمانیستێک و حزبێکی کەمانیستی پەویستە هەموو لایەنەکان باس بکەین و لێک بدەینەوە و بە کرێکاران و خەڵکی ڕۆشن بکەینەوە، بە جیا لەوەی کە لەگەڵ کام سیاسەت و هێزوستداین، ئەوە ئەرکێکی ئەمەیە.

سەهەم: "ڕیفراندەم ئۆگەر دەوڵەتیش ڕانگەیەنێت ئەوا بەڕەی ئازادیخوازی دەخاتە بەرانبەرپارتی و یەکێتی": ئەم بۆچوونە مەترسیدارە لە نەو بزوتنەوەی ئەمەدا. ناسیونالیزمێکی نوستوە. بەسادەیی چونکە سەردەم و هەلومەرجی دیاریکراوو، دیاریکردنی بەرژوەندی چینی کرێکاری لەبەرچاو نیە بۆپێی هەلومەرجە جیاوازەکان. گریمان ئێستا ئەم ساستە دروستە بەڵام بۆ پێی هەلومەرجێکی دیکە لەوانەیە دروست نەبیت، خ ئەمە شەرشی سۆشیالستی نیە، هەر بڵێین " بەڵێ". بە بۆپێی بەرنامەی حزب بیارە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی چینی کریکار لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بیار بدەین. ئەم ڕوانگەیە هیچ ئومێدی بە بزوتنەوەو هیزەکەی خۆی نەماوە کە کاریگەری دابنی لەسەر ڕووتی ئاوگەڵەکان و بیشکێنتەوە بە قازانجی چینی کرێکارو هاوسەنگی هێزێکی تازە بەقازانجی کەمانیزم دەستبەبەر بکات. تەروانینێکی ئاوەها پەدانی لاپەڕەیەکی سپی واڕوو کراوە بە ناسیونالیزم. تەناگات لەوەی کە ئەم پرسیە پرسیەکی سیاسی بەردەوامە و .. کاتێک کە ناسیونالیزم گرووی ڕیفراندەم دەباتەوە ئیتر لایەنی کەم تا چەند ساە دەهەلی کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی هەم تیژو بەهیز دەبێت هەم بازرانی دەکاتە باوکی نەتەوەی کورد. ناسیونالیزم و پارتی دەتوانن ١٠ ساە لە ژیر ناوی گفتوگۆ لە شەە باشترە درێژە بە هەلومەرجی هەلوسراوی سیاسی بدەن سەرای بیاری خەڵک، ئەوانیە کاک مەسرور بارزانی بە ئاشکرا وا دەڵێت، باسی گفتوکردن بە دەنگکانەوە دەکات. هەمیشە خەڵک شەری پێ باش نیە و بیە بارزانی و پارتکانی دیکەی ناسیونالیزمی کورد دەتوانن دەیان ساە ئەم بریندە وکو خۆی بهێنەوە بە قازانجی خیان و کەمانیزم زیاتر لاواز و لاچپ بکەن. وئەمە بڕو دەدات بە چاوەڕوانیەکی ناگونجاو. لەمبارەوە فەلەستین نمونەی گەورەی یەک سەدیە، سەرای چەندین بیاری جیهانی؟!! تیوریەکی ئاوەها لەوپەڕی خیدا بە فەلەستینکردنی کوردوستانە.

چوارەم: لە نێو باسکانی هاوڕیان و هەروەها سەرانی ناسیونالیزمی کوردا، زۆر باسی سەردەمی دەسەلاتداریتی بەعس و ستەمی نەتەوایەتی دەکرێت. وەک پایەیەک بۆ حەقیانیەتی باسکانیان مەژووی ئۆوسەردەمە دەهێنرێتەوە. سودی ئەم تیۆرانینە بۆ ناسیونالیزم ودەسەلاتکەی ناشنە. ئەم بزوتنەوەیە هەموو جۆرێک خیی ئینفالی ژنان و هیواو خواستی لاوان دەکات بۆلام سانانە یادی ئینفالی بەعس دەکاتەوە، ئیتر ئۆە ناسیونالیزم چێتیە. بۆلام نۆوی ئەمرۆ لە کوردوستان نۆوێک کە تەمەتی نزیک بە ٣٥ ساڵ دەبیت ، ئاگەر ساڵە ١٩٨٣ بە ساڵە لەدایک بون دابنێن و ساڵە ١٩٩١ کە بەعس نامێنیت تەمەنی ئەم نۆویە ٧ساڵ دەبیت. ئاگەر ئۆوساڵە یان چەند ساڵیک زیاتر یان کەمتر بۆ بناغە وەرگرین.. ئۆوکات دەگەینە ئۆوە ئەنجامەی کە زۆربەی خەلکی کوردوستان یان هەموو لاوان و تازە پێگەیشتوو مندالانی کوردوستان لە سایەی دەسکەاتی ناسیونالیزمی کورددا، ژیان و گوزەرانیان کردوەو چۆوسانەتەوەو خەباتیان کردوە، نەک لەسایەی دەسکەاتی بەعسدا. هەر بۆیە خەباتی خەڵکی کوردوستان دژ بە عەبادی و مالکی و بەغدا نەبوە، بەڵکو داستۆوخۆ، دژ بە دەسکەاتی ناسیونالیزم و بارزانی و یەکێتی بوە. ئەم خاڵە گرینگیەکی زۆری هەیە لە لێکدانۆوەی سیاسی دا، کە لایەن بزوتنەوەکەمانەوە بە مەبەستی سیاسی و نیشاندانی هێزو توندی ستەم و کێشەی نەتەوەیی کەم باس دەکرێت، یان هەر ناکرێت. کێشەی ئەم نۆویە بەتەواوی جیاوازە لەگەڵ نۆوی ئەمە کە نۆوی ئینفالو کیمیایی بارانی بەعسین، نۆوی ئیعدام و فراری سەربازی و شەڵەی" کوردو عەرەب" یەن، نۆوی جینوسایدو تەعریب و تەبعیسین … نۆوی ئەمەڵە هەم ئاشنا نیە بۆ کارەساتانە، وەهەم کاریگەری داستۆوخۆی نەبوە بەسەر ژیانیەوە. بۆیە ئامانج و خواستەکانی دەگۆڕێت. ئۆوان خواستی ژیانێکی خۆشتر و باشتر، دامەزراندن و فرسەتی کار، خزمەتگوزاری و ئازادیەکان … مەسەڵەی سەرەکیان بوە لە ماوەی ١٠ساڵی ڕابوردودا، بە خەباتی خۆیان نیشانیان داوە. ئەم نۆویە هەرگیز باوەڕی بەسەران و ڕابەرانی ناسیونالیزمی کورد نەکردوە سەبارەت بەوەی کە نەبونی " کارەبا" و "بۆینی موچە"و " ئازادیە سیاسەکان"، " گەندەڵی"، پێوەندی هەبێت بە حکومەتی مەرکەزییەوە. وە ستەمی نەتەوەیی و قەهرو ملهوڕی حکومەتی مەرکەزی چەژ نەکردوە.

پێنجەم: تیۆرانینی "ئینتی پارتی" ئەم چەمکە لە نێو نووسەرانی بزووتنەوەکەماندا بەشی شەری بەرکەوتووە. ئەمەش تەوانینکی کۆپیکراوی هەمان "ئینتی یەکێتی" یە. ئینتی یەکێتی بوون لە نێو بزووتنەوە کەمەنیستی و حزبماندا زاڵ بوو لە هەمان کات و سەردەمدا

کە بەیارماندا بۆ یەفراندم و سەربەخۆیی لەساڵی 1995دا... ئۆکات هەم یەفراندمی ئەم و هەم ئێنتی یەکێتی بوون هەردووکیان دروست بوون. بەڵام ئێستا هەردووکیان نادروستن. "ئێنتی یەکێتی" لە بناغەوە باسی بزووتنەوەو هێزێک بوو کە ئۆکات ماوەی چەند ساڵێک بوو وەک بزووتنەوە و زەربەی ئابڕانی بگشتی لە هەناو و بە بەخنەگرتن لە بزووتنەوەی ناسیونال-چەپ هاتبوو دەرەوە، کە یەکێتی ئابووری دەکرد لە ساڵانی هەشتاکاندا. قورسایی ناسیونالیزم و ئاسەی سیاسیەکەی و هێزەکەی یەکێتی نیشتمانی بەسەر بزووتنەوە و حزبدا ڕۆشن و بەرچاو بوو... ئەم لایەن و پایەیەکی سەرەکی بوو بەهێنادەرەوەی ئەو چەمکە. باس باسی ئاسەی سیاسی و شۆازی کاری "ئێنتی یەکێتی" بوو. باسی بەرتەسکردنەوەو هێنانخوارەوەی ئاسەی سیاسی کەمەنیستی بوو تا ئاستی لە قاڵبدانی کەمەنیزم لە چوارچیوەی وەستانەوە بەرانبەر بە "یەکێتی"، کە ئەمەش بەرتەسکردنەوەی خەباتی کەمەنیستی بوو تا ئاستی هێنانخوارەوەی بە دژی حزبێک نێک سەرمایەو سەرمایەداری.

ئەمە "ئێنتی پارتی" بوون دروست بە مانای " ئێنتی ژەم" بوونە. دژی ژەم بوون خراپ نیە. ئەوە کاری کەمەنیستی یە کە دەبێت دژی ژەمی و ئێنتی پارتی بکاتە بزووتنەوەیەکی شۆشگێڕانە و ئابووری کرێکاری تێدا دابین بکات. هەموو جومگەی دەسەڵات مالیە و ئابووری و سەربازی و پەیوەندی دەرەوە لە دەسەڵاتی پارتیدایە. ئەوە دووساڵە بە شۆق پەرلەمانی قتکردوە. ئەم ژەمە خەڵک نایەوێت سەرپەرشتی دەوڵەتی بەبکات. بەڵام باسی من جیایە و، بە ڕەشنی دیارە نێک لەبەر ئەوەی تەنها پارتی پێشنیازی کردووە بەڵکو پایەکانی باسی من لەم نوسینەو لە نوسینی پێشودا ڕەشنە"هەڵوەستی کەمەنیستی سەبارەت بە سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی/ بەشی دووەم". بەڵام بە ئەوانەش کە یەفراندم ڕەتدەکەنەوە تەنها لەبەرئەوەی کە "پارتی" پێشنیاری کردووە، مەسەلەیەکی بابەتیە و پەیوەندی هەیە بە ژیان و گوزەرانی نزیک بە 30 ی ساڵی خەڵکی کوردوستانەوە. پایەکانی سیاسەتی کەمەنیستی لە ڕوانگەی منەوە بە ڕەتکردنەوەی یەفراندم بە ڕەشنی لەو نوسینەدا باسکراوە، بە تایبەت لە ژێر تیتەری" سەربەخۆیی لەم قۆناغەدا دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردوستانە!". بەیە ئەم داهێنانەی هاوڕێیان لە هەموو سەرکەوە نادروستە، لە باری واقعیەوە وەک پاساوێکی نادروست بە پارتی لێک دەدرێتەوە. دروست نیە لە نەو بزووتنەوەکەی ئەمەدا ئەم "چەمکە" بکاربهێنرێت، هەرچەنێک لێکیبدەینەوە بە قازانجی پارتی یە.

کەسپەکانی بزووتنەوە و حزبمان

لە نووسینی پێشوودا کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکردووە لە سەرەتاوە نوسیومە"... هەموو مەسائیلە سیاسی یە گرینگەکانی کۆمەڵگا کە هوومان تێدەکات، تەواوی کەسپ و گرووگاڵکانی کۆمۆنیزم جارێکی دیکە دەنێتەوە ژێر زەبین و باسەوە...". بەدور لە باسی نەخێرو بەڵێ، ئەم باسە گرینگترین باسی کۆمۆنیزمی سەردەمی ئەمڕۆیە. کەواتە ئەگەر باسی ڕیفراندەم تاکتیکی کۆمۆنیستی یە و وا گرینگە بە حزبمان لە کوردوستان، مانای چییە لە جیاتی کارو شەوازی کۆمۆنیستی و کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی ئەمجارەش سپەردراوە یان وا دەردەکەوێت سپەردرابێت، بە کەمپینی سەربەخۆیی؟! بەڵاستی نیشانەی ئەوەیە کە هیچ فێر نەبووین لە تەجروبەی نزیک بە 25 ساڵی حزبایەتی وکاری کۆمەڵایەتی و حزبی دا. ئەگەر وا گرینگە بەمان "یەک جار دەکرێت" مانای چی یە؟! هاوڕێی مەکتەبی سیاسی مان دەبێت ئەندامی کەمپین بێت و بەناوی حزبەکەمانەوە کاری کۆمۆنیستی نەکات؟!! بەڵاستی ئەگەر سیاسەتەکەش دروست بێت، ئەم شەوازی کارە بەس بە ئەوەی کە دەستکەوتەکانی بە هەوادا بڕیت. دەبوایە تا ئێستا فێر بووینایە کە شەوازی کاری کۆمۆنیستی و پراتیکی کۆمۆنیستی پیادەبکەین وبیکەینە کاری ڕۆژانەمان. لەم بارەوە هیچ پراتیک و شەوازی کارێکی کۆمۆنیستی دیار نیە. تەکتیکی کۆمۆنیستی پەیوەستی بە شیوازو کاری کۆمۆنیستی هەیە. تەنها وەک تەبینیەک بە پەیوەستم زانی ئاماژەی پێبکەم، ئەگەر نا ئەم باسە زۆر فراوان و پایەیی وچەند تەوەرەیە.

کۆمۆنیزم و کۆمۆنیزمی بورژوایی

من سیاسەتی تاکتیکی حزبمان لە کوردوستان بە کۆمۆنیستی نازانم و ئەم هەڵوەستە سیاسیەی بە هەڵوەستەکی ناسیونالیستی دەزانم. ئەمە تێوانینی منە و ڕەشنە. بەڵام ئایا لەم ڕوانگەیە، حزبی ئەمە لە کوردوستان دەکاتە حزبەکی بورژوایی؟! بەگومان نا. ئەو بوچونە بەچوونە ڕوانگەیەکی هەڵەیە و تەنەگەیشتنێک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و حزبە سیاسیەکان، بەڵکو تێنانێت لە مەکاتبی فکری و ڕەوتە فکرییە جیاوازەکان. هیچ حزب و کۆمەڵایەتیەکی کۆمۆنیستی بە هەڵوەستەکی سیاسی هەڵە نابێتە بورژوایی، مەسیری بزووتنەوەو حزبێک لە نبەردو سەنگەرەکدا دیاریناکرێت. بەڵکو لە کەی جەنگی چینایەتی نیوان کرێکارو بورژوایدا ڕەش دەبێتەوە. ئەوە خاڵێک. خاڵێکی دیکە ئەوەیە؛ ئەم هەڵوەستە هەر چیەک بێت هەڵوەستەکی سیاسی تاکتیکی یە و حزبەکی کۆمۆنیستی کۆمەک دورتر لە ئەمە دەتوانن هەر باسی نەکەن. باسی ڕیفراندەم و سەربەخۆیی، بەگشتی هیچ پەیوەندیەکی نیە بە

ستراکتۆری کۆمۆنیزم و بیرو تیۆری کۆمۆنیستیەوە. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکی سیاسی گرینگە. بەم مانایەش هەڵەیەکی گەورەیە بە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردوستان بوترێت حزبێکی بورژوایی یان کۆمۆنیزمی بورژوایی، چونکە دەڵێی " بەڵێ بە سەربەخۆیی"... بەتایبەت ئەگەر ئەم تەوانینە لە نێو ڕیزەکانی خەماندا بێت، ئەوە ترسناکترەو ئاستێک لە لاوازی فکری و تیوری لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە درک نەکردنی بەردنە پێشەوەی جیاوازە سیاسیەکانە لە کشوهەوایەکی تەندروستی سیاسی و سالمدا، کە پێویستە نەریتی ئەمە بێت.

نیسبیەتی سیاسی

بەپێویستم زانی کۆتایی باسەکە لەسەر پێشکی نوسینەکەی هاوڕێم خەسرەو بێت. کەسەرتاپای پێشکیەکەی پێوەندی نیە بە باسی ڕیفراندەمە. وەک نمونە باسی "ناحزبی بوونی سامان کەریم و ڕیفراندەم" دەکەم من نەمزانی بوو کە پێوەندییەکی دیالەکتیکی لە نێوان ناحزبی بوونی من و ڕیفراندەمدا هەیە. ئێستا دوای نوسینەکەی هاورێی بەڕێزو خۆشەویستم خەسرەو تێگەیشتم کە ئەو پێوەندییە هەیە. پێوەندیەکی دیالەکتیکی پێچەوانەیی "مەعکوس" لەنێوان ناحزبی بوونی سامان کەریم و ڕیفراندەمدا هەیە. پێوەندیەکەش بەم شێوەیەیە. سامان ناحزبیە، کەواتە ڕیفراندەم و سیاسەتی هاوڕێی خەسرەو دروستە. سامان حزبیە کەواتە سیاسەت و تەوانینی هاوڕێی خەسرەو هەر دروستە. ئەمە بەڵاستی نوکتەیە و پێوەندی بە باسەکەمانەوە نیە. "باسی ناحزبی" و" هەڵەی شێخسی گرینگە یان حزبی" و " یەکریزی جولانەوە"و شتی لەم بابەتە....هیچیان پێوەندیان نیە بە باسەکەوە. بەرژەوەندی هاوڕێی خەسرەو لەم باسەیدا دەشنە، بەرژەوەندییەک کە مانای نیسبیەتی سیاسی هەیە بە قازانی خۆ، چونکە پایەیەکی واقعی نیەو تەنانەت بە ویژدانی پیوە دیارە. بەڵام لەبەرئەوەی هاوڕێی دەخۆشە و پێی وایە تەوریەکی باشی گرتوە، من وەڵامی نادەمەوە. و هیوادارم لە گفتوگۆو دیباتی نەوانماندا دانەبڕێنە ئاستی ئەم شێوەیە لە نیسبیەتی سیاسی. پیویستە ئەلگەیەکی واقعی و مەدرن لە دیبات وگفتوگوو بە کۆمەگا نمایش بکەین. ۸.۸.۲۰۱۷

سامان کەریم
Saman.karim5@gmail.com

شەی دەوەت کێن ئەوانەی کە شەی دەوەتی نەتەوەیی دەکەن؟ 1...

سمکۆ عەبدولکەریم
بەشی یەکەم.....

شەی گەورە و ملمانێی زەقی سەرەتاکانی گەشەی بزووتنەوەی کوردایەتی لەسەرەتادا لەسەر ساغکردنەوە و دروستکردنی ئەو تێگەیشتنە بوو، کە ئایا کورد نەتەوەیە یان نەتەوە نییە؟
ئەو مشتومڕە زیاتر لەنێوان چەپڕەوەکانی عێراق و کوردستانی ئەو زەمانی حزبی شیوعی و نەتەوەیی و نەتەوەییە چەپەکانی ئەو دەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە مام جەلال بە چەپی پێشکەوتوخوازی شۆڕشگێڕانەی وەسف کردون لە ئارادا بوو.
بە درێژایی مێژوو دوو دیدگای ئایدۆلۆژی زۆر زەق و دیار هەبوون، کە هەموو جارە شێوازێکی فیکری و ئاینیان بەکار هێناوە بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەکان بە ئامانجی کەمەکردنیان لە چوارچێوە و بازنەی ئەو فیکر و بیروباوەڕ و دیدگایەی کە هەیان بووە بۆ نەتەوە و نەتەوەکان.
ئەم تێگەیشتنەش لە فەلسەفەی کۆمۆنیزم و ئیسلام تێناپەڕێ، کە ئەم دوو باوەڕە، دوو باوەڕی زۆر وەکچوون لەو مەسەلەیەدا، ئیسلام لە ڕوانگەی ئوممەتی ئیسلامەوە دەروانێتە نەتەوەکان و پێی وایە دەبێ نەتەوەکان لە سێبەر و چەتری ئیسلامدا جێگیر بکرێن و بمێننەوە، بەدەر لەمە هەرجارە هەنگاوێك بۆ دەرچوون لەو یەکێتی-یە دەرچوونە لە باوەڕی ڕاستی ئیسلام، بەڵام ئەو بیروباوەڕە زۆر بەڕۆژ لە گەڵ بەرەوپێشچوونە ژیارییەکان کاڵبووەوە.

هەروەك کۆمەنیزم-یش نەیتوانی ئیسپاتی ئەو باوەڕەی بکات، کە بوونیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی شتێکی مایە پووچ و بێهودەییە، بەشێوەیەك هەر لە سەرەتاوە کۆمەنیستەکان کەوتنە بەیەکدا هەڵشاخان لەسەر ئەوەی کە ئایا فەلسەفەی مارکسی، یان مارکسی لینینی ڕێگا بە

دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەدات، یان نا، لە کاتێکدا دامەزرانی هەر جۆرە دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەنگاوی یەکەمە بۆ هەرس پێهێنانی ئوممەمییەت.
ئەو ئوممەییەتەی کە لای هەریەك لە ئیسلام و کۆمۆنیزم وەك شکل و بەشێك لە جەوهەریش یەك مانای هەیە، واتە بە شێوەیەکی گشتی ڕەتکردنەوە یان باوەڕ نەبوون بە دەوڵەتی نەتەوەیی هەڤوولاوی ئەو دوو بیرو باوەڕەیە، کە ناکرێ لە دەرەوەی ئەو دوو دیدگاو تێگەیشتنەوە گفتوگۆی هەموو ئەوانە بکەین کە خەریکە هەوڵستەکانیان لە بەرامبەر سیاسەتی پارتی و تەبەنی نەکردنی ئیفراندم، دەگوازنەوە بۆ هەتکردنەوەی دەوڵەت، بەبیانووی ئەوەی ئەم دەوڵەتە دەوڵەتێکی ستەمکارە و ناکرێ قبول بکرێ.

بۆیە لەمەڕ تێڕوانینیان بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت، دەچنەوە سەر جەوهەری ئەو باوەڕیان، کە لە ئەساسدا پێی پەروەردە کراون جا چ کۆمۆنیستە خۆ بە عەیار 24 زانەکان بن، یان ئیسلامییە خیلافەت خوازەکان.
دەکرێ لەم گۆشەوە نیگایەوە بۆوانینە بۆچوون و دەربڕینی هەندێ لەو نووسەرانەی، یان کاردیرە حزبیانەی لە بارەی دەوڵەتەوە قسە دەکەن و کردوشیانە، هەڵەیەکی گەورەی هەندێ لەو نووسەرانە ئەوەیە کە لە مەسەلەی قسەکردن لەسەر پارتی و دەربڕینی هەخنەکانیان سەبارەت بە ئیفراندم کەوتنە باسی قسەکردن لە دەوڵەت، تا ئاستی هەتکردنەوەی بەبیانووی ئەوەی، کە ناکرێ تەبەنی دەوڵەتێك بکرێ کە پێشوەخت زەمانی دیموکاتییەت بوونی و سیستمە سیاسییەکەی نەکرابێت.
لێرەدا هەندێ لە دیدو بۆچوونەکانی رابوون مەعروف بەنمونە دەهێنمەوە، بەو مانایەی ئەو لە رابردوودا کۆمۆنیستێکی دژە نەتەوە بووە و لە ئێستاشدا بیرئیسلامییەکی هەمدیسان دژە نەتەوەیە، ئەوەشی وایکرد ئەو هاوڕێیەم بەنمونە بهێنەوە ئەوە بوو کە وەك مونەزرێکی دیاری گرێان تێزێکی لەمەڕ دەوڵەت خستەتە بەردەم سەرکرادیەتی بزووتنەوەکەی و ڕای گشتی.

ئەو کە ئێستا پەرلەمانتارێکی گرێانە و بە کۆمەڵێك دەستەواژەی کۆمۆنیستیانە بەربڵتە گیانی دەوڵەتی نەتەوەیی و پێی وایە ناکرێ پشتیوانی لەوەها هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکرێت، چونکە ئەو پێی وایە داهاتووی ئەم دەوڵەتە لە زیندانێکی گەورە بەولاوە شتێکی دیکە نییە.
رابوون پێچەوانە و جیاواز لە بۆچوونی زۆر لە نووسەران و سیاسییەکانی بزووتنەوەکەی، جارێك لە ڕای گشتیش، ئەو هەوڵەی پارتی

بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بە جدی لە قەڵەم دەدات:
(پارتی بەجدی سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ دەوڵەتەکەی و بە ئاشکرا و نهێنی بنەماکانی دادەمەزرێنێت).

ئەم دانپیانانەی ئابووون بەسە بۆ ئەوەی لێیەوە گفتوگۆ لەسەر جەوهەری تێگەیشتنەکەی بکەین بۆ تێروانین و تێگەیشتنی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی.
بۆیە بەدەر لەو تێگەیشتنە هاوبەشانەی هەر تاکێك لە کۆمەڵگا هەیەتی بۆ بنەماکانی دیموکراتی دادەپەروەری و دامەزراندنی دەوڵەتێك لە دەرەوەی هەموو ئەو تێگەیشتنانەی رابوون و جارێك لە خەڵکی دیکەش هەیانە شتێك نییە تەنیا بە بیری ئابووندا هاتبن و ئەو بیەوێ بە گوێ و بیری ئێمە مانیدا بێنێتەوە. چونکە هەموو ئەوانە کۆمەڵێك ئاستی و بنەمای فیکری هەر کەسێکی وشیارو ناوشیارن، هەمووانیش خەبات بۆ وەها دەوڵەتێك دەکەن، بەڵام ئەگەر ئاماژەکان بەو ئاراستییەن ئەوە دیسان ئەوە ناگەیەنێ کە بەم بیانوانەوە ڕێگە لە دامەزرانی وەها دەوڵەتێك بگیرێ، چونکە ئەوە ئەوپەڕی ناتێگەیشتن و بێئاگایە لە مێژووی جیهان، لەووەیەکی دیکەوە ئەوپەڕی بێمتانە بوونە بە ئیرادەی میللەت لەوەی لە داهاتوودا چۆن دەکرێ کۆمەڵگا بە ژیان لەوەها زیندانێك قایل بێت، بەتایبەتی لە جیهانێکی تەواو جیاواز لەو ئابردووەی کە ئەنگە مانەوەی دەسەڵاتدارانێکی لەو شێوەیە لە ئابردووداو مومکینتر بووبێ لە ئێستا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوەی بەلای منەوە گرنگە و دەبێ هەمووان لە خەمی ئەوەدا بین جارێك لە گفتوگۆ و هەڵوێستی دژ بە یەك بێتە ئارا و بە شێوەیەکی ئاسایش وەربگیرێ، چونکە مەرج نییە یەکریزی و یەك هەڵوێستی هەمیشە بەرەو ڕێیە ئاست و دروستەکەمان بەرێ، لە مێژووی رابردووماندا، شۆڕشی ئەیلول بە نمونە، یەکێکە لەو ئووداوە یەك هەڵوێستیانەی نەتەوەیەکی بەرەو هەدەر برد.
ئەگەرچی زۆربەی زۆری ئەوەی ئێستا لە سەر پرسی ڕەفراندەم و دەوڵەت دەوترێن و دەنووسرێن، جگە لە خولانەوە لە بازنەی رق و کینە و بیری تەسکی حزبەیەتی بەولاوە شتێکی تر نییە، لەمەوەوە کەمترین خوێندنەوەی فیکری و مێژوویی بۆ ئەو باتە گرنگ و هەستیارە کراوە.
مەترسی و گرفتی گەورەش لەبەردەم بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و سیاسییەکانی کورد ئەوەیە، کە نەیانتوانیوە لە ئەلقەی ئەو تێگەیشتنە دگما و دەمار گیرییە فیکری و ئایدیۆلۆژی و حزبییە دەربازیان بێ، بۆیە هەموو شتەکان هەر تەنیا بەهێش و سپی دەبێنن.

لە کاتێکدا بیرمەندانی عەرەب دەمێکە ئەوەیان تێپەڕاندوە، بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی گفتوگۆی هەموو شتە پیرۆزەکانیان دەکەن هەر لە ئاینەوە بگرە تا دەگاتە بیری عروبە، ئەگەر لێرەو لەوێش هەندێ جار یەکتریشیان تەکفیر و خائینیش کردبێ، بەڵام سەرەنجام ئەم حالەتە نەبۆتە هۆی قوفلدانی بیرکردنەوەی تر، بەپێچەوانەوە لە رابردوودا هەندێ لە سەرکردەو وڵاتانی عەرەبی، چ لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی خێیان یان وڵاتەکەیان، یانیش بەرژەوەندی گشتیدا بوو بێت، هەنگاویان هاویشتوە، جا با ئەو هەڵوێست و هەنگاوانەشیان پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە گشتیانە بووبێ کە ئەودەم لە ئارادا بووە، هەموو ئەوانە دواتر خراونەتە بەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەقلی بێ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست هەڵسەنگاندیان بۆ بکرێ، بۆیە دەبینین زۆربەی ئەو گفتوگۆ و کتێبانەی ئەوان لە بارەی ئاینی ئیسلام و نەتەوەی عەرەبەوە دەینووسن، تا ڕادەیەکی زۆر ئەمە ناتوانین، یان ڕاستر بڵێم بە شێوەیەکی ئاشکرا نەمانتوانیوە بشیان کەینە کوردی.

لە ڕووی هەڵوێستی نەتەوەییەوە ئوردن لە دەرکردنی فەلەستینییەکان و میسر لە ڕێککەوتننامەی کامپ دێڤد و دواتریش سەبر سەبر دروست کردنی پەیوەندی دوو قۆڵی لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل، کە سەردەمانێك ئەوە کوفر و خیانەتێکی گەورە بووە لای زۆربەی هاوڵاتیانی عەرەب، بەڵام دواتر توانین ئەو گرێ دەروونی و فیکرییە تێپەڕنن.
لە هێنانەوەی ئەم نمونانە من مەبەستم ئەوەیە قسەی یەکلاکرەوە لە سەر هەندێ مەبادئی ئەخلاقی و نیشتمانی و ئینسانی بکەم، هەروەها دەمەوێ بڵێم دەربڕینی بۆچوونە جیاوازەکان، تا ئاستی هاوهەڵوێست نەبوونیش لە ئاست پرسە نیشتمانی و سیاسییەکان دەبێ ئاساییانە لێیان بڕوانین و خەمان بەدوور بگرین لە تەخوینکردنی یەکدی، چونکە مەرج نییە هەمووان بەیەکەوە ببین بە خاوەنی سەرکەوتنەکان، یان هەمووشمان بەیەکەوە ئێباڵی شکستەکان لە ئەستێ بگرین.
کاتێك توانرا هەمووان تەعبیر لە بیروبۆچوونەکانی خێیان بکەن، مانای وایە دەتوانین هەنگاو باوێین، بۆیە ڕێگەگرتن لە دەربڕینە جیاوازەکان مەترسییەکی گەورەیە و دەبێ ڕۆشنبیران بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی بەرپەرچدانەوە و ڕاگرکردن بن لە وەها تێگەیشتنێك، چونکە دوور نییە لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی هەڵە میللەتێك دووچارەی نەهامەتییەکی گەورە بکات. لەم ڕوانگەیەوە حەقی هەمووانە تێگەیشتنی خێیان دەربڕن، بەڵام لە ئاستێکی بابەتیانەی باڵای دوور لە بووغزی سیاسی.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بێ ووداوێکی گرنگ و مێژوویی بکەم، کە دەکرێ بە شێوەیەك لە شێوەکان بەراورد بکرێ بەوەی ئێستا لە بارەی ریفراندێم و دەوڵەتەوە دەگوزەرێ.

مام جەلال لە کتێبی دیداری تەمەندا کاتێك باسی سەرەتاکانی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسم و بارزانی باوك دەکات، زۆر بەووردی تیشکی خستۆتە سەر هۆکار و چۆنییەتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، بەشێوەیەك ئەوەی دەربڕیوە کە بارزانی لە پشتیوانیکردنی سەرکەشیرەت و پاپشتیکردنی ناڕەزایەتییەکان دژ بە قاسم، هەرگیز مەبەستی ئەوە نەبووە ناکۆکییەکەن بگەنە ئاستی لێکترازانی تەواو و هەڵگیرسانی شەڕ، کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا پێی دەوترێت شۆڕشی ئەیلول، بەڵکو ئامانجی بارزانی لە قوولکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان بێ ئەوە بوو فشاری زیاتر بخاتە سەر قاسم بێ ئەوەی سەرەنجام بەدەنگ داخوازی و داوکارییەکانی کوردەوە بێت، لەم نێوانەدا مام جەلال و بەشێك لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی هاوهەوڵست نەبوونە لە گەڵ ئەو سیاسەتی بارزانی و پێیان وابووە کە ئەنجامی ئەو سیاسەتە خراپ بەسەر کورددا دەشکێتەوە و چاوەڕوان ناکرێ ئانجامەکەی بەم شێوەیە بێت کە بارزانی پێشبینی دەکرد، بەڵام بە هۆی چەند هۆکارێکەوە لە نێویاندی مەسەلەی پاراستنی یەکرێزی کورد، کە هۆکارێك بووە وای لە مام جەلال و برایم ئەحمەد و ئەو چەند ئەندامەی مەکتەبی سیاسییە کردوە، وڕای بۆچوونی جیاوازیان بە ناچاری بەگەڕ سیاسەتەکەی بارزانی بکەون، کە دواتریش دەرکەوت فشارەکان بوونە هۆکارێك بۆ بەتەواوی لێکترازان و هەڵگیرسانی شۆڕش، بە پێچەوانەی ئەوەی کە بارزانی نەخشەی بۆ کێشابوو، واتە بۆ ئەوەی نەبن بە دوو بەرەی دژ بەیەك و دابەشی سەر بەری نیشتمانی و نا نیشتیمانی نەبن مام جەلال و هاوڕێکانی بەناچاری چوونە پاڵ تێگەیشتنەکەی بارزانی.

ئەوەی ئەمڕۆش لە بارەی ریفراندێم و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیەوە دەگوزەرێ و وەك لە کەناڵە جیاجیاکانیشدا گوێ بیست دەبین، زۆر باش دیار نییە کە ئایا بەڕاستی خستنەڕووی ئەم مەسەلەیە بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی عێراقییە بۆ ئەوەی مل بدات بە داخوازییەکانی کورد، وەك ئەوەی لە سەرەتاکانی بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ڕوویدا، یان بەڕاستی هەنگاو تێگەیشتنێکی جدییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، چونکە ئەگەر ئەو تێگەیشتنە لای هەموو ئەوانەی کە ئێستا چوونەتە ژێرباری ئەو سیاسەتەو بەڕاشکاوی لایەنگری خۆیان بۆ ئەنجامدانی ریفراندێم دەربڕیوە، هەمان ئەو

ناچارییەی سەردەمی بەر لە شۆشی ئەیلول بێت، ئەمە هەڵەو هەنگاوێکی خراپ و پڕ مەترسییە کە جارێکی دیکە بەهۆی ئەوەی نەبنە دوو بەرەی دژ بە یەکی نیشتیمانی و نانیشتمانی، دوور نییە دووچاری کارەساتێکی دیکە ببینەوە، بۆیە با بەهۆی بەرەی نیشتیمانی و نا نیشتمانی ڕێ لە جیاوازییەکان نەگرین.

ئەگەر لە چوارچێوەی دووبارەبوونەوەی مێژوو بۆوانینە پرسەی ریفراندۆم، یان ڕاگەیاندنی دەوڵەت، ئەوە دەبێ پێچەوانەی ئەو وتەیەی هیگل-یش بۆوانینە مێژوو، کە دەڵێ: ڕووداو و کەسایەتییەکان دووجار ڕووەدەن، یان دووبارە دەبنەوە. ەنگە بۆ کورد لە بارەی کەسایەتییەکانەوە شتێك ڕاست بێ، نەك هەر دووجار ەنگە هەر دووبارە نەبنەوە، بەڵام بۆ ڕووداوەکان ەنگە چەندین جار دوبارە ببنەوە، هەموو دووبارە بوونەوەیەکیش نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە کوتوینەتە بەر کاریگەری ئەو وتەیەی لای کورد و گەلانی دونیاش هەیە کە پیرەکان دەڵێن (هەر قسە مەکە شتێك بکە). ژیژەك ئەم قسەیەی پیاوانی پیر بە قسەیەکی زۆر گەمژانە تێدەگات. بەومانایەی دەیەوەی بۆ ئینسانەکان زۆر شتیان کرد، کە هەمووی هەر تێکدان و کاولکاری بوو، بۆیە کاتی ئەوە هاتوە پاشەکشە لە کردەکان بکەن و لەمەودوا شتێکی شیاو بکەن، لێرەوە ژیژەك دەیەوێ بۆ ئێمە زۆرجار باس لە شتێك دەکەین لە بڕی کردنی، بەڵام هەندێ جاریش شتێك دەکەین بەبێ ئەوەی قسەیەکی لەسەر بکەین، یان بمانەوێ بیکەین.

ئەو نمونە بەو دێنتەوە تێ کاتێك بڕێکی زۆر پارە لە چارەسەرکردنی کێشەیەکدا خەرج دەکەی، بەڵام ئامادە نیت بیر لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی دروست بونی کێشەکە بکەیتەوە.
لە ئێستادا ئێمەی کورد بە دڕندەکی هاوشێوەیەی ئەوەدا تێدەپەڕین لە نێوان دووبارەبوونەوە و کردە و قسە نەکردندا، ئەوان بۆ دەیانەوێ دەمی ڕۆشنبیران داخەن بۆ ئەوەی هیچ نەڵێن، ئەوان بۆ دەیانەوێ تەنیا دەبێ وابکەن، مەرجە بەرهەمی هەموو کردەیەك ئەوە بێت کە مرۆڤ بە درۆزایی تەمەنی خەباتی بۆ کردوە، بۆیە دڵنیابن ئەوەی ئێستا من دەیبینم دووبارەبووەنەوەیەکی زۆر زەقە.

ئەو دووبارەبوونەوەیەش جارێکی دیکە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو قسەی کە مارکس خستیە سەر قسەکەی هیگل بەوەی بەڵێ یەکەمجار وەك تراژیدیا و دووەم جاریش وەك کۆمیدیا دووبارە دەبێتەوە.
بە ئاوردانەوە لە مێژووی گەلان، سەدان قارەمانی هەڵکەوتوو دەبینین، سەدان شۆشی رزگاریخوازی گەلان لە پێناوی رزگاری و سەربەخۆیاندا لە پێنیاو گەیشتن بە مافی چارەی خۆنوسین دەکەونە

بەرچاو.
کە بە ئامانج گەیشتنی هەندێکیان بە هەوازێکی زۆر سەختدا تێپەڕیوە و هەندیکیشیان نشوییەکی ئاسان.
روداو و پێشهاتەکان بۆ سەرجەم ئەو گەلانەی بە دوای سەربەخۆییەوە بونە دەرفەت و قۆناغێکی باش بووە بۆ رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی، لە پاڵ ئەمەشدا ئیرادەی گەلان و هەڵکەوتنی سەرکردەی جوامێر رێگیان کەمتر نەبووە و نییە لە روودداو و پێشهات و دەرفەتەکان، بەومانایەی زۆرجار دەرفەت هەڵکەوتوە، بەڵام سودی لێوەرنەگیراوە.

بۆیە عەقڵ و ئیرادەو تێگەیشتن لە هاوکێشە سیاسییەکان سۆ بنەمای سەرەکین بۆ سوود وەرگرتن لە هەر دەرفەت و پێشهاتێك کە دێنە پێش، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە مێژووی گەلان، وەك سیاسییەکی ئەوروپی گوتی کێشەی کورد ئەوەیە مێژووی نەخوێندۆتەوە.
لە قۆناغێکی وەك ئێستادا بۆ نەتەوەیەکی وەك کورد، کە دەکرێ بە بەجێماوێکی مێژوویی دابنێن لە رووی گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین، بەو مانایەی ئێمە لە قۆناغێکی زۆر درەنگی پرسی سەربەخۆیداین، لە قۆناغێکداین کە خەریکە سەربەخۆیی ئەو پیرۆزی و شەوقەی جارانی نامێنێ، ئەگەر جاران هەموومان بە یەکەوەو بۆ دووداڵی لە خەیاڵی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدا بووبین، لە ئێستادا دەبینین ئەو پرسە کەوتۆتە بەردەم رای جیاوازەوە، ئەمەش تا رادەیکی زۆر پەیوەندی بەو پێشکەوتنە خراپەوە هەیە، کە ژیان و گوزران و چوونە نێو دونیای خێشی و کەیف و سەفا، کەمەگای وەها گوشیوە، هێندەی بیر لە ژیان دەکاتەوە نیو هێندە خەیاڵی بەلای سەربەخۆییەوە نییە، بەتایبەتیش کاتێك دەبینین دادپەروەری لەوپەڕی پاشاگەرادانی دایە و لە ئێستاوە کەمەك بەهەشتیان بۆخۆیان دروست کردوە و خەڵکانێکی زۆریش لە نێوان ئەو بەهەشتە و جەهەنەمەدا دێش داماوان و باوەڕیان بەوەش نییە رِۆژ لە ڕۆژان ئەوانیش بتوانن پێیەکیان بخەنە نێو ئەو بەهەشتەوە.

دوو شیعری جەلالی میرزا کەریم

ڕۆگا

نامە داخراوەکانی دە
لە تەوژمی خۆشەویستی لەوی بەفری
تابلۆی شانۆی خەرەمەاتی ڕیگاکانا
ئەکرێتەوە
لە کاروانی گەڵاڵەزانی پایزی گوڵا
لەزستانی سنگی هەورا
هەمان وەرزی نمۆی بەهار
بەسەر لووتکەو
قەدپاڵ و نشێوەکانا
ئەژنەوە.
* * *
سەبەری باڵدارێکی بە پاسپۆرتی
سەرهەڵگرتوو
بەندەرەکانی زریانی
وێشووەی شەوی هەڵتەکان
هەناسەی گەرمی هەڵانەی
گەرووی خواروو
بووە ملوانکەی ژیلەمە و
لە گەردنی نەرمی وەک لەکەی خەی ئاسان.
* * *
- ئەی باڵەکانی پرشنگی خەری وشە!
بەستەڵەکی دەمارەکانی بە دەنگی
جە مەهەڵن
پەردەکانی پەنجەرەی زامی بە گرشە،
بە دواتانا .. لاشەی زەوی
وەڵ ئەکەڵن.
* * *
کە ئێزانی ؟..
جانتایەکی خەڵ لەنیشتووی ماندووی ڕۆگای
مەبەندەکی دووری کەساس ..
ئەگاتە بەردەمی پاسگای تەمی تەکساس
ڕەهەڵەی بارانی خەری،
تەزی سەر ڕووی ئەشواتەوە..
گوڵزانی بروسکەی دەی،
دوگمەی سینگی ئەکاتەوە
کە ئێزانە؟؟
* * *

کە ئەیزانە ؟..
نینۆکی درێژی ئەوسای مەلای خەتە
لەدووتوێی ئایەتەکانی ناو قورئانا
سەروچاوی یەزدان ئەنە
هەمان و هەمان پەنجەی تر
لە بەردەرگای کەشکی سپی و
سوور و سەوزی (ڕەشا) ئەدەی.
* * *
نەوەک هەور،
کەسەرچاوەی خەی ئەزانی
نەوەک .. هاچەکینی تەور
کە مەچەک و
بازووی کاوەی خەی ئەزانە
نەوەک .. هەنگی ئەرخەوانی
گەستانی پەشمەرگەکان،
کە لافاوی
هەی خوێنینی خەی ئەزانی
بەکو ئەوەش
گەورەکانم،
ئەتانزانی.
* * *
ئەتانزانی پەری ئاوات،
لەکەژاوەی دەدارانی ئاوارەوە
نەبە .. نایەت.
ئەتانزانی .. کەشتی شادی،
لەخی زامی دەریاوە
نەبە .. نایەت
ئەتانزانی .. خەر لە چرکەی
پەلەپیتکەی تفەنگەوە
نەبە .. نایەت.
ئەتانزانی .. شنەی ئاها لەناو هەژنەی
هاستبوونەوەی سەدارەوە
نەبە .. نایەت.
* * *
پەستەرەکی ناوچەوانی هەوانامەی
بە کەتایی هاوارەکی هووت و برسی
دەنگ و باسی "کەماری ئیفلاتوون" ی لە

گالیسکەی هاوین و قژی
بە قردەلەی گوێگەنمی ئەپرسی.
پەپوولەکانی سەرابی مەمکی کوڕ.
چین چین بەنەو ڕەنگەکانی
تابلۆی تراژیدی پرسا گوزاریان کرد
مەشخەڵی بڕیاری ناسریان،
ئیتر سەرەتای تووڵەی
بڕاو عیشق دەستی پێ کرد.
1979

تەمەنی دەساڵەی دڵەک

چەپڵە ڕەزان..
نمۆی چاوی ئاسمانەکی پڕ لە گریان
بەسەر یادی ئاچەنینی شارەکەما
ئەبارێنن ..
دروشمە بەخوێن تەختەکان..
سەرنەزە مەدالیای بەهرەی تاوان
بەبەرکی قارەمانی مەژووەکەما
ئەچەقێنن
سروودی سەروەختی زاری ڕیاکاران
وەکو سنگی زبری هەوری ڕەشی زستان
نیگای چاوی ئەستێرە لە وەرزی خەما
ئەپرووێنن
ڕەژنامەکان
کامەرا چاوچنۆکەکان
میکرۆفونی وتاربێژە درێزنەکان
هەموو ڕەژە لە فەرهەنگی
ناوودەنگی
دڵڕانی شەشکەما
باڵی وشە
زاری وتە
ئەقرتێنن.
* * *
وا .. دەساڵە چاوی هیوا
گە ئەڕژە

وا .. دەساتێ چەکی بێوا
تەوی خەزگێ
لێناو زامی
سەنگەرەکانا ئەنژێ
هەتا ساوای سەر بەشکەشمان
ژەکی خەم و ژان ئەچژێ.
* * *
خەونی شاری حوزەیرانمان
کەی کەژاوەی گێ و خوێنی بەفر ئەکرێ
جارەکی تر .. شەهیدانمان
کەی پێ ئەگرێ
کفن ئەدەن
ئائێ پەڕەی.
* * *
منداڵەکی لەدایک بووی قریشکەی قوژگی خنکێنراو
لە پێشمەرگەیەکی پرسی..
کەی هێنسکی،
دەساتێی دایکم بەرئەگرێ؟!
* * *
تفەنگ گریا:
" وا .. دەساتێ .. خەرمانی خوێنمان شێن ئەکەن"
هەزاران چاوی فەنگ گریا
" وا .. دەساتێ .. کانیی وشەمان بەگێن ئەکەن".
* * *
پێشمەرگەیەک لە شاعیرەکی نوێی پرسی
کەی شیعرەکم بە ئێنووسی
پشکەی ئاگردانی زامم هەڵگیرسێنێ
لەشکری خەم بوروژێنێ؟!
* * *
هاژەی یادی دەساتێی شاعیر .. چرپانی !!
جارێ ئەمساڵ .. هێناوەکانم ئەدەنم
چونکە زاری وشەکانی
بە گوللەیێ..
بە گوللەیێ..
چونکە سنگی دەڵەکانی
بە نەفەیێ ..
بە نرکەیێ ..

* * *
چاومان ..
چاومان ، هەموو ڕۆژێ بەدوای ڕێگای ژانی
کوردستانی
لێت کراودا .. هەنگاو ئەنێ
ناومان
هەموو ڕۆژێ لەسای شین و قوڕپۆشانی
هەتیوانی
بێ ناونیشان .. خەی ئەنێ.
* * *
"سەبەری تەرمی مردووان بەخوێن بشۆن"
سەرهەڵگرن .. بۆ .. بڕۆن".
* * *
دەدارەکەم .. دوای خوێندنەوەی.. ئامۆژگاری
ڕێکخەری شار..
وتی : بۆ کوێ .. سەرهەڵگرم ..
قوڕگی کام نەهەنگی تاری
دەریای شۆگار
بەسۆی پرچم هەڵبدەم.
* * *
مەلا بانگدان .. هەشتا دووکەڵ ..
لە ئاسۆدا گرێی ئەدا داوی مەتەڵ
تارمایی شەڕسوارێکی باڵا ئاگر..
لەناو دەزەخی هەزاران پرسیاری کوێرا خەڵاگر
شریخەی قامچی وەشانی
وەک گەرانی
ئێووت .. سەرهەڵگرن .. بڕۆن ..
جارێکی تر سەنگەر بەخوێن .. بۆگۆ .. بشۆن .

کـــــاروان و ئـــــارام و بۆ

ئینسافییەکی زۆر … فەرزاد چەلەبی

کاروان کاکە سوور لە ماڵپەڕی (دەنگەکان) بەیاری وازهێنانیدا لە نووسین وەك نارەزایەك بەرانبەر دەخی نالەباری ڕۆشنبیری و سیاسی کورد، پاشتر ئارام سدیق لە سایتی (خاك)! هەکارە ڕاستەقینەکەی دەخەمڵێنێت کە دەڵێت:
" ئەم وشیارییەی کاروانە کە بەیاری وازهێنانی پێ دەدات، چونکە دەزانێت هیچی ئەوتەی نوێی پێ نییە.
کاروان بەئاوازی ئەو هەوادارانەی هەڵپەڕی کە وەکو "داهێنەر" دەیانناساند، هەر ئەوەش بوو کاروانی تووشی وەهمی داهێنەربوون کرد.
بەوام وایە ئامانجەکی سەرەکی ئەم نووسەرە، ئاکۆشانی سەرنجی خوێنەران بووە بەڵای خۆیدا ".
سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم من کە لە ڕۆژهەڵات دەژیم، هیچ کام لەو دوو نووسەرە عەزیزە ناناسم تا بڵێن بەرگری لە یەکێکیان دەکات و دژی ئەوی تر، بەس پێویستی زانستی و ویژدانم لە خوێندنەوەی نووسینی هەردووکیاندا بەکارهێناوە، کە لەم خاڵانەدا کەیان دەکەموە:
یەکەم/
بە داخەوە نازانم کاك ئارام چ میتۆد و پێوەرێکی ڕەخنەیی جەبەجێکردووە لە نووسینەکەیدا کە قەزاوەت لەسەر نییەت و بەیاری ناو دڵی کاروان دەکات؟
دووەم/
گەر ئەو بڕیارەی و کەمکردنەوەیەی ئارام بە نووسەرێکی وەك کاروان کە لانی کەم خزمەتێکی فەرهەنگ و کتێبخانەی کوردی کردووە، تاکە هەکارێك بێت بۆ وازهێنانی کاروان و دوورکەوتنەوەی لەو زەنگاوە بگەنەی نووسین و بڕاوکردنەوەی کوردی ئەوا هەقی خۆیەتی.
سێهەم/
کاك ئارام دەفەرمێت:
" ئەمە بڵایەک، ئەوەی بە من جگەی سەرنج بوو ئەوەیە وازهێنانی نووسەرێک لە نووسین ئاگادارینامەی بە چییە؟
لە پێشوودا بە دەیان نووسەری کورد و جیهانی وازیان لە نووسین هێنا بەبێ ئەوەی ئاگادارینامە بڵاوبکەنەوە، "
گەر کاك ئارام تێبگات ئەو ئاگادارینامەیە لە دیدی مرۆڤی ڕۆشنبیرو

بەئاگاوە دادنرێت بە گەورەترین هێواستی نووسەر دژی دەخێکی ئیفلیجی بەمانای رەشنبیری و سیاسی کوردی کە مرۆڤکانی کەلەبەش و بە بایەخ کردووە.
ئەی باشە کاکە ئارام دەکرێت بەوانەی مان لە خواردن دەگرن بڵێین بۆچی بەیارو ئاگاداری وا دەردەکەن؟
پاشتر کاك ئارام کە تەنها بە کوردی دەخوێنتەوە چوزانێت ئەو نووسەرە ناودارە جیهانیانەی وازیان لە نووسین هێنا بە جۆرێك لە جۆرەکان رایان نەگەیاندووە؟ کە دەخ و دیفاکتەی هەر یەکەشیان جیاوازە. یان چ نەنگیەکی تەدایە کاروان داهێنان بکات و ئەو چەپڵە بشکێنێت؟
چوارەم/
کاکە ئارام بەس بەوەوە نەوەستاوە قسە لەسەر نییەتی ناودێی کاروان بکات و بچووکی بکاتەوە، بەڵکو هاتووە پێناسەیەکی کەتا بە هەکانی نووسین دادەتاشێت بە هەموو کەڵەکانی نووسەرانی دونیاو دەڵێت:
" نووسەری ڕاستەقینە بە ئەوە دەنووسێت، کە لێنەکانی بوون و ژیانی لە هەگەی نووسینەوە پڕ بکاتەوە"
کە دەڵێت ئەمە ڕاستە؟ ئایا کاك ئارام ڕاپرسی لەگەڵ هەموو کەڵەکانی نووسەرانی دنیا کردووە تا هەکارە ڕاستەقینەکەی نووسین لای ئەوان بزانێت؟ یان پشتی بە چ داتایەکی زانستی و ئەکادیمی بەستووە لەمەدا؟ کە ئەم وتەیە جۆرێك لە بە ماماستابوون دەردەخات.
پاشتر کە دەڵێت زەر لە شاکار نووسە جیهانیەکان لە کاتی نووسینی شاکارەکانیاندا کەڵەن لە ژیانیاندا بووە؟ بە تایبەتی زەریان باس لە خێان ناکەن لە شاکارەکاندا.
پێنجەم/
بەداخەوە لەو کورتە نووسینە ئازارو ئێش بەخشێی کاکە ئارامدا بە زەقی ئەومان لا دووبارە دەکاتەوە کە کاروان ڕاستگۆ نەبووە لە نووسینی هەکارە حەقیقیەکانی وازهێنانیدا کاتێك ئارام دەنووسێت:
"بەوام وایە ئامانجێکی سەرەکی ئەم نووسەرەش ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەران بووە بەلای خێیدا"
لە کەتاییدا:
چ کەموکوێی تەدایە نووسەرێکی وەك کاروان کاکە سوور بێت: هیچ سوودمەند نەبووم نە لەحیزب و نە لە حوکمەت! نازانم بۆچی ئەم وتەیە کاك ئارام تووڕە دەکات و لەسەرەتای نووسینەکێیدا بە تەوسەوە ئاماژێی پێدەدات؟
پاشان دەبوو کاك ئارام ئەوە بزانێت کە بە دە بوونی بەرهەمی ئەدەبی و هونەریش لای خوێنەران ڕێژەیین، دەمێنێتە سەر ئاستی هوشیاری و تێگەشتن و سەلیقەو زەوقی خوێنەران.

گەر وەك كاكە ئارام دەبژێت كاروان هیچی پێ نەماوە، خۆ كاروان دەیتوانی بووستێت تا ٣ یان ٥ ساڵ تاكو هەگبەی داهێنانكانی پێ دەبەنەوە و شتێكی باشمان بۆ بنووسێتەوە، بەڵام كە بەیاری كەتایی خۆی دا بە دوورگەوتنەوە لە نووسین، ئەوا راستگۆیی ئەو نووسەرمان بۆ دەردەخات لەگەڵ خۆی و دەوروبەریدا، نەك بۆ نموونە شتی كاوەكرچی وەك رۆخنەی بۆ بنەمامان بۆ بنووسێت و بۆش بدات لە زۆوقی زێرینەمان، باشتر وایە بەمجۆرە هەوڵبدەست بنوێنێت وەك تاكەكی نووسەرو رۆشنبیر.

تێبینی: من نامەوێت شتەكان تێكەڵ بكەم و قسە لەسەر بۆرهەمەكانی كاروان بكەم، ئەوە باسێكی ترە، هەر خوێنەرەو رای جیاوازی خۆی هەیەو بە دیموكراتیبوونیش ئەوە دەسەلمێنێت مرۆڤەكان بە زۆرەملە ملكەچی پەوەرەكانی خەمان نەكەین.

لە بۆغا چی دەهێنێوە بۆمان؟... عەلی مەحمود محەمەد

لە ماوەی رابردودا, پارت و كۆمەڵگەی شیعیەكان, لە عەمار حەكیمی بەرامانەوە كە شانازی بە پایان بە هەڵوەستی باپیریانەوە دەكرا, تا حیزبی دەعوە بە هەموو باڵ و لق و كۆرتەكانیەوە, بە ئایەتوڵا تاقی المودەرسی,دژایەتی خۆیان بە پرۆسەی ریفراندەم و سەربەخۆیی كوردستان راگەیاند, لە كەتایشیاندا پیاوە لیبراڵەكە دەستەكەی بارزانی ئیاد عەلاوی لە هەموویان نەرم تر رۆخنەی خۆی گرت و داوای لە كوردەكان كرد ریفراندەمەكە رابگرن ,گوایە كات لەبار نیە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرسیە ؟؟, ئیتر نازانم كام كات بۆ ئەوان لەبار دەبێت, تا نەتەوەی ژێر دەستیان مافی خۆی رابگەیەنێت ؟؟ لەم نێودا تەنها حیزبی شیوعی عێراقی وەك یەكەم پارتی عێراقی پشتیوانی خۆی بۆ ریفراندەمی كوردستان وەك مافی نەتەوەی ژێر دەست لە دیاریكردنی چارەنسی خۆی دەربڕی و بۆ مافی كوردستانیانی زانی ئەو مافی خۆیان پیادە بكەن بۆ قەیدو شەرت.

ئەم هەڵوەستانە, هەڵوەستی باڵە جیاجیاكانی بۆرجوازی عەرەبی شیعەی

دەسەڵاتداری عێراق کە بەسەر چەندین تەوژمی سیاسی دابەش بوونە, ڕەنگدانەوەی بەچونکی نەتەوەیی شەفینییە, ئەگەر ئەم پارت و کەسایەتیانە ماوەیەك کە خەیان مرۆڤی پلە دوو بوون لە عێراقدا, بە ئەوەی شوێن پێی خەیان لە کوردستان بکەنەوە, هەندەك مافیان بە هەوا زانیبێت بە کورد و پێکهاتە ستەمدیدەکانی دیکەی عێراق, ئەوا ئەمڕۆ لە پێگەی دەسەڵاتەوە چونکەوە قاوغی ڕاستقینەی خەیان و هەموو مافەك بە نەتەوەو پێکهاتەکان ڕێت دە کەنەوە لەو عێراقی خەیان دەسەڵاتدارین.

دەسەڵاتدارانی ئەمڕی عێراق وەك بینیمان لە چەند هەفتەی ڕابردوودا قسەی خەیان کرد, ئەوانەی بەیاری عێراقیان بە دەستەوەیە چ خەیان , یاخود لە ڕێگای ئێرانەوە نموونە باباکەیان پەیامی خەیان گەیاند, ئیتر ئەم شاندە دەچنە بەغا داوای چی زیاتر دەکەن وەك ئەو هەڕەستانەی بە فەرمی دەربِڕدراون, بە نیازی چی زیاترن لە دەسەڵاتدارانی بەغدا بەدەستی بهێنن؟؟ , چ تەوەهمکیان بەم لایەنانە هەیە؟؟ , دەیانەوێت لە گفتوگۆکانی سەر سفری ڕازاوەو, لە گەڵ قاقای پێکەنینا, مافی ریفراندەم بە دەست بهێنن و ناوچە دابەاوکان بگەڕێننەوە؟؟, دەیانەوێت عێراقی مەلاکان لە ئیسپانیا دیموکراتانەتر هەڕەست بنوێنن وەك ئەوان بەرامبەر باسك و کەتەلانیا دەینوێنن, مافی ریفراندەم نەك جیابونەوە ڕێت کەنەوە بە ئەو گەلانە؟.

دەسەڵاتدارانی ئێراق هەڕەستی خەیان ڕاگەیاندوە کە هەشتا لە چاوەڕوانی شکست هێنانی پرسەکەن بە ئەوەی تەقەی خەشی سەرکەوتن ڕابگەیێنن و ئەنجامەکەی بکەنە بەڵگەنامەی مێژوویی بە دەست خەیانەوە, ئەگەریش نا لە ترسی ئەمریکاو کەمەگای نەودەوەتی نەبێت, لەمڕە زوتر نییە فتوا بدەن بە حەشد(بەسیج) تا کوردستان دەگرنەوە قەیتانی پەستاڵکانیان نەکەنەوە.

لە لایەکی دیکەوە هەڕەستی نموونە باباکەی ئەوان کەماری ئیسلامی ئێرانە بەرامبەر بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان, ئەزموونی زیندوو لە گەڵدا تاقی کراوەتەوە, ئایا بە نیازن ئەمان لە ئیلهام بەخشکانیان زیاتر بە ڕەوا بزانن.
لە بری چون بە گفتوگۆ لە گەڵ ئەو هەزانەی گفتوگۆ لەسەر ماف لە ئایدیاو باوەڕیان نییە, بایکۆتی حکومەت و هەڵبژاردنکانی بەغدا بکەن و نوێنەر و ستافی حکومەت بکشێننەوەو خە بە ئەگەرکانی بەردەم جوڵەی حەشدی شەعبی ئامادە بکەن, ئەگەر بە نیازن بەڵێنکانتان بگەیێننە سەر لە ڕاگەیاندنی سەربەخێیی دوای پرسەی

ریفراندەم.

دەرباڕەی هەوڵستی کۆمەڵنیستی بەرامبەر ریفراندەمی کوردستان ! … عەبدوڵا ساڵح

لە مێژوی هاوچەرخی کوردستان بەتایبەتی و عێراق بە گشتی ، کەمتر بابەتێك ئەوەندە کۆمەڵگای بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە وەك ئەم بابەتی ڕیفراندەمە ، ئەم بابەتە کۆمەڵگای شەق کردوە بە دوو بەش ، کەمپی (بەڵێ) و کەمپی (نەخێر) ، هەریەك لەم دوو کەمپە بیانو و بەڵگەی خۆیان هەیە .
لێرەدا من نە دەچمە سەرباسی بەڵگەو بیانوی حیزبە قەومیە بەرجوازیەکانی کوردستان ، وە نە باسی ئامانجەکانیان لەو ریفراندەمە ،چونکە ئەوەی لەو وڵاتە بژی بێشك لەلای ڕونە تا چ ئەندازەیەك ئەم دەسەڵاتە سەرکوتکەر و گەندەڵە، بەجۆرێك کە ڕەنگە نمونەی کەم بێ یا هەر نەبێ لە دنیادا ! ئەوەی لێرەدا دەمەوێ فۆکۆسی بکەمە سەر هەوڵستی هەندێك لە کۆمۆنیستەکانە چ وەك حیزب یا کەسایەتی سیاسی کە بە بەڵێ لەگەڵ ئەم ریفراندەمەن و بانگەوازی جەماوەر دەکەن بچنە پای سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بە بەڵێ بدەن .
بەڵگەی ئەم هاوڕیانە ئەوەیە کە کوردستان کێشەیەکی قانونی هەیە لەگەڵ عێراق کە پێوەی لکاوە ئەمە وای کردوە کێشەی نەتەوایەتی ، لانی کەم لە ڕوی قانونیەوە ، هەروا بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە ، جیا لەوەش فیدرالیزمی قەومی فەشەلی خۆی ئیسپات کردوە ، بەجیا بوونەوەی کوردستان لە عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بەڕە لە ژێر پێی ناسیونالیزمی کورد دەردەهێنرێ و ئیتر چیدیکە ناتوانێ شان خاڵی کا لە ئاقار داخوازیەکانی خەڵك بە بیانوی بوونی حکومەتی مەرکەزی ، بەم شێوەیە خەباتی چینایەتی شەفاف تر دەبێ و خەباتی کۆمۆنیستەکانیش ئاسانتر و خێراتر دەڕواتە پێش .
ماوەیەك لەمەو بەر لەسەر پەیجەکەی خۆم لە فەیسبوك بیرکەیەکم نوسیبوو بە هەردووك زمانی عەرەبی و کوردی ، تیایدا ڕەخنەم گرتبوو

لەو هەوڵستەی بەشێك لە کۆمۆنیستەکان چ وەك حیزب یا وەك کەسایەتی ، کە داوای دەنگ دان دەکەن بە – بەڵێ – بۆ ئەم ڕیفراندۆمە و نوسیبوم (دەمامکەکان کەوتن) ئەوەش وای کرد هەندێك لەو هاوڕێیانە ناڕەحەت و دڵگران بن ، لێرەدا جێگای ئەسەفە ئەگەر هەستی کەسیانم بریندار کردبێ کە من ڕێزی زۆرم هەیە بۆیان ، دواتر دێمە سەر ئەو باسە . ئەم کورتە بیرکەیەی من پەرچەکرداری زۆری لێکەوتەوە ، وەك نمونە بەم شێوەیەی خوارەوە باسیان کردبوو ، (تووند) ، (تەنیا بیرکەیەکە) ، (لێدوانی نامەسئولانە) ، (هێشی سوور دادەنێین لەگەڵ تۆ) ، (میدالیای کۆمۆنیست بوون دابەش دەکا) ، (ئەلتەرناتیڤت چی یە ؟) ، و هەندێکیش ووشەی (تەخوین) ی بەکار هێنابوو وەك تەخوینەکەی بارزانی لەقەڵەمیان دابوو ! کەڵ گوایە قسەکەی منیش شتێکە لەوبابەتە ! لەلای خۆمەوە وەڵامی هیچ کام لەم هاوڕێیانەم نەدایەوە ، تەنیا کەسێك نەبێ کە زیاد پێی لێ هەڵبڕیبوو لە چوار چێوەی هەموو جۆرە عورفێکی سیاسی چووبوە دەرێ، ئیتر ناچار دەبوو دەم و دەست وەڵامی بدەمەوە و هەرواشم کرد، دیار بوو دواتر پەشیمانیان کردبۆوە ، هەندێك هاوڕێش بە جۆرێ لە جۆرەکان هاوڕا بوون لەگەڵم ،لەڕاستیدا ویستم تەعلیقەکان تەواو بن ئەمجا بەیەك نووسین وەڵامیان بدەمەوە ئەویش ئەم نووسینەی ئێستایە کە لە بەردەستانە .

سەرەتا پێویستە بڵێم من لەو دەبۆینەی خۆمدا مەبەستم ئیهانەی هیچ کەس نەبووە ، یا شکم دانابێ لە کۆمۆنیست بوونی کەسێك ، یا مژووی خەباتی کەسم خستبێتە ژێر پرسیارەوە ، ئەگەر بیرکەکەم وا لێکدرابێتەوە ئەوە یا من ووردنەبووم لە دەربۆینەکەدا ، یا بەرامبەرەکەم خراپی لێ تێگەیشتوە ! من باسی سیاسەتێکی دیاریکراو دەکەم و بە سیاسەتێکی غەیرە کۆمۆنیستی لەقەڵەم دەدەم ، وە دەستەواژەی (دەمامکەکان کەوتن) پەیوەندی بەم ڕەخنەوە هەیە ئەویش زادەی بۆچونێکی دیاریکراوە دەربارەی هەڵوێستێك کە من بە غەیرە کۆمۆنیستی لەقەڵەمی دەدەم ، هەڵوێستی حزبێك بۆ یاخود کەسایەتیەك ، دواتر وردتر باسی دەکەم .

باسەکە ئەوەندە سادە نیە(تەنیا بیرکەیەك) بێت ، نەخێر وانیە ، من باسی سیاسەتێکی ناکۆمۆنستی دەکەم ، سیاسەتێك کە لە ناو کۆمەڵگادا جێکەوتووە لە هەل و مەرجێکدا کە جەنگێك لە نێو ئەو کۆمەڵگایەدا بەرپا بووە لە نێوان دوو جەمسەری جیاواز دەربارەی مەسەلەیەکی تاکتیکی دیاری کراو ،ئەم ڕەخنەیە لەهەڵوێستی ئەو هاوڕیانەوە دەربارەی ئەم جەنگە ی هەر ئێستا لە ئارادایە و چ

هەوڵستێکی دیکە بەدوای خۆیدا دێنێ، سەرچاوە دەگرێ ،وە پرسیارێك وبەوێیان دەبێتەوە کە: ئایا ئێوە لە کوێدا وەستاون !؟
هەوڵستی سیاسی خۆی لە خۆیدا تاکتیکێکی سیاسی عەمەلیە ، ئەوەی لە ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دەیێ تەنیا تاکتیکێکە، دەبێ ئەوە بزانێ کە زوربەی هەرە زۆری خیلاف و گفتوگۆکان لە ناو بزوتنەوەی کۆمۆنستیدا بەدەوری تاکتیکی سیاسیدا دەربارەی ئەم کێشەیە یا ئەویان کە هاتۆتە بەردەم بزوتنەوەکە دەخولێتەوە . بزوتنەوەی سۆشیال دیموکرات لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بوو بە دوو کەرتەوە و ئومەمیەتی دووەم ئیفلاسی کرد ، هەموو ئەوباسانەی بەدوای خۆیدا هێنانی دەربارەی تاکتیکی شۆڕشگێرانەی ئومەمی بوو لە بەرامبەر ئەم شەڕەدا ، ئەویش یا تاکتیکی ساتو سەوداو کلکایەتی بۆرجوازی قەومی هەر ووڵاتێك و ڕیزبەندی لە تەکیاندا ، یا گرتنەبەری هەوڵستێکی سۆشیالستی ئومەمی لەو شەڕە هەروەك چۆن لینین و هاوڕێکانی بەبەردەوامی پێیان لەسەر دادەگرت ، هەموو لایەك ئەوە دەزانین بۆیە پێویست بە قسەی زیاتر ناکا لەو بارەیەوە .

پرسی ڕیفراندۆم و جیابوونەوە دوو پرسی ئەوەندە گرنگ نین بە بەراورد لەگەڵ جەنگی جیهانی یەکەم ، من پێم وایە سیاسەتی دواکەوتنی بۆرجوازی قەومی کوردی و بەدیاریکراوی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان تاکتیکێکی سیاسیە، نە لە دوور و نە لە نزیك هیچ پەیوەندیەکی بە سیاسەتی کۆمۆنستی کرێکاریەوە نیە . ئەومۆ لە ناو کۆمەڵگادا جەنگێك لە ئارادایە لە نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکان تەنانەت پێش ریفراندۆمیش ، ئەم جەنگە دوای ڕیفراندۆمیش هەر بەردەوام دەبێ ، ئەمڕۆ کەمپێکی زۆرگەورە و فراوان هەیە کە زوربەی هەرە زۆری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و کەم دەرامەدو دەست کورت لە خۆ دەگرێ ئەویش کەمپی – نەخێر – ە ، جەماوەرێکی بەر فراوان ڕۆژانە پێبەدەمی هاوار دەکا و نایەوێ لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە دا بمێنێتەوە کە تەجروبەی تاڵی لەگەڵدا هەیە وبۆی دەرکەوتوە تا چ ئەندازەیەك بە بەرژەوەندی ئەوانەوە نامۆیەو دوورە لێی ، هەوڵستێك ئەو دەسەڵاتە ڕەفز دەکا کە هیلاك و ماندوی کردووە ، تاڵانی کردووە ، کوشتویەتی ، تیرۆری کردووە ، دەنگی ئازادی کپ کردووە ، دایپۆسیوە …… کەواتە بینینی ئەو کۆمۆنیستانە کە ئەو تاکتیکە دەگرنە بەر و دەچنە ناو کەمپی دەسەڵاتەوە ، بەدەر لەوەی نیەت و بۆچونەکانیان چیە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە وە بەهەر بیانویەکیشەوە بێ ، بێشك ئەم سیاسەتە توشی ڕەخنەی زۆر توند دەبێ ، جێگای ئەو کۆمۆنیستانە لە نێو ڕیزی ئەم جەماوەرە دایە نەك وەستانەوە بەرامبەری . لەبری باس

و جەدەل لەسەر ئەم هەوڵستە بەشێك لەم هاوڕێیانە دژن و باسی هەوڵستی خۆیان دەکەن بۆئەوەی بچنە نێو ناوەڕۆکی بابەتەکەوە ، لێرەدا مەبەستم هیچ کەس و لایەنێك نیە بەدیاریکراوی بەو ئەندازەی مەبەستم ئەو هەوڵستانەیە کە گیراونەبەر لەبەرامبەر کەمپی – بەدر – لەناو کۆمۆنیستەکان دا .

مەسەلەی مانەوە یا جیا بوونەوە لە عێراق مەسەلەیەکی (ئیسپاتی) نیە – لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەرنجی هاوڕێیان بۆ باسێکی مەنسور حیکمەت ئاکۆشم دەربارەی گرنگی نەفی کردن ، یان نەخێر لە مەنهەجی سیاسی شۆڤێنیگەردا کە مەبەستیەتی دنیا بگۆڕێ – بەکو مەسەلەی هاوارێکی گەورەیە لەلایەن جەماوەری بێبەشەوە ، هاوارێك دەنگی – نەخێر – بەرز دەکاتەوە بەوی ئەم دەسەڵاتە کە دەیەوێ خۆی بگۆڕێ لە دەسەڵاتێکی پاشکۆی عێراق بێ دەسەڵاتێکی سەربەخێ و یەکدەست تاکو بەبێ هیچ سێکردنەوەیەك دەستبداتە گەورەترین تاوان بەرامبەر ئەم جەماوەرە بە بیانوی (بەدیهێنانی ویست و ئارەزوی قەومی) ، دەسەڵاتێك دەیەوێ شەرعیەتی نێو دەوڵەتی بدات بە سەرکوتکردنەکەی ، لێرەدا جەماوەر هاوار دەکا و دەڵێ نا بۆ ئەم دەوڵەتە ، ئۆوەش دژن و دەچنە نێو ڕیزی ئەم دەسەڵاتە بۆ بەدیهێنانی ئەم سیاسەتە !
ئەم هەل و مەرجەو ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە گەورەیە بێشك زەر توژی ناو کۆمەڵی لە خۆی گرتوە و هەر یەکە بە دوای ئەجیندای خۆیەوەیەتی ، بەڵام لەدوا شیکردنەوەدا نایەوێ دوای ئەم کەمپی دەسەڵاتە بکەوێ ، ئەم – نەخێر – ە گەورەیەیە کە دەبێتە ڕێڕەوی سیاسی ئەم کۆمەڵگایە و ئۆوەش هاتون خۆتان خستۆتە بەرامبەر ئەم – نەخێر – ە گەورەیە !
من باوەڕم وایە ودژنیام و بە حوکمی ڕێڕەوی مژوو هەوڵستی مەبدەئی کۆمۆنیستەکان چونە ناو ڕیزی ئەم جەماوەرەیە کە ئەم دەسەلاتە و سیاسەتەکانی ڕەفز دەکا واتە چونە ناو کەمپی – نەخێر – .
هەندێك هاوڕێ تەمەتبارمان دەکەن گوایە سەرمان خستۆتە نێو لمەوە و واقیع نابینین ،جێگای خۆیەتی لێیان بپرسین کاممان ئەو واقیعە وەك خۆی نابینین کە هەر ئێستا هەیە!؟

دەربارەی مەسەلەی (تەخوین) سەرەتا پێویستە بڵێم جێگای داخە بە گوێرەی لۆجیکی کەسێکی بڕجوازی قەومی دواکەوتوی وەك بارزانی بیر بکەینەوە ، کاتێك ئەو، یا دار ودەستەکەی ، ئەم ووشەیە بەکار دێنن مەبەستیانە دواڕۆژ کە یەکدەست بوونەوە لەدەسەڵاتدا هەموو – نەخێر – بژێکان بە تەمەتی (خیانەت) بدەنە دادگا ! نەك تەنانەت

خیانەت بگرە خیانەتی گەورە ! کە من پێت دەڵێم ، بۆ نمونە ، یا تۆ پێم دەڵێی کۆمۆنیست نی، ئەوە بەمانای (تەخوین) نیە، ملیۆنەها خەڵکی شەریف و ئازادیخواز و ئینسانددۆست لە نێو کۆمەڵگادا هەن و شیوعیش نین ، ئەمجا وەرن با بپرسین ئەم تەقدیسە دینیە چیە دەیدەن بەم جەنگە ؟ خائین و غەیرە خائین !؟ کۆمۆنیزم ژیانە ، وەك مەنسور حیکمەت دەڵێ ، بزوتنەوەیەکی فیکری واقیعی هەر ئێستا مەوجودو لە جەرەیاندایە ، ئەنگە هەڵە ش بکا و ڕاستیش بکا ، دەکرێ پێم بڵێی تۆ هەڵەی ، بەڵام نابێ بیرت بچێ کە ئەم ڕەخنەی ئێمە لە قەڵەمڕەوی لۆجیکی سیاسی کۆمۆنیستیدایە نەك لۆجیکی (تەخوین) ی بۆرجوازی .
لێرەدا پرسیارێك بۆ خۆم دێتە پێش :
ئەم بیرکەیەم لە کوێوە بۆ هات ؟ بۆ دەلیل بوو؟ هەروا بۆبەگە ڕەخنەدەگرم ؟ وەڵامەکە زۆر سادەیە ، نەخێر ، بە پێوای من لەسەر بنەمای بەتەنگەوە بوونمە بۆ کۆمۆنیزم و بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکاربەتایبەتی ،وەبەرژەوەندی جەماوەری بەشخوراو بە شێوەیەکی گشتی ، چونکە باوەڕم بە کۆمۆنیزمی کرێکاریەو ، لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی خەباتی چەند دەیەم لە ژیزی ئەم بزوتنەوەیەدا دەبێ بەتەنگەوە بم و پێداگرم لەسەر ئەوەی حیزبە سیاسیەکانی بەرەو پەراوێز نەچن و لە ئامانجی خۆیان دوور نەکەونەوە .
بەڵێ ئەمە سیاسەتێکی کۆمۆنیستی نیە و هیچ پەیوەندی بە کرێکارو بەرژەوەندیە چینایەتیەکانیەوە نیە و هەڵدێرێکی ترسناکە زەرەر بە بەرژەوەندیە دوور و نزیکەکانی دەگەیەنێ . ئەو جەماوەرە بەرفراوانەی کەمپی – نەخێر – مافی خۆیانە بپرسن چۆن دەکرێ کۆمۆنیستەکان بەسەر ئەم هەموو نەهامەتیەدا بازدەن کە ئەم حیزبە دەسەڵاتدارانە دروستیان کردوە لەماوەی 26 ساڵ حوکمڕانیاندا ؟ دەبوو کۆمۆنیستەکان پێشەنگ بان لە پەردەهەڵماڵین لەسەر ڕوی ئەم واقیعە تاڵەی باڵی کۆشاوە بەسەر ژیان و گوزەرانیاندا ، واقعێك کە تەنیا مشتێك سەرمایەدارو سیاسەتمەداری مشە خێر سودمەندن لێی ! بەڵاستی ئەمە بازدانە لە بۆشایی دا !
هەندێك باسی زۆمی قەومی دەکەن و بیریان دەچێت کە ئەوەی سەرکوت دەکا ، لێدەدا ، دەگرێ ، دەکوژێ ، تیرۆر دەکا ، دەدزێ و..... عەرەب زمان نیە ! ئێستا نەوەیەك لەکوردستاندایە پێگەیوە تەنانەت عەرەبیش نازانێ .
بابەتێکی زۆر گرنگی تر بارێ دۆخی کەمایەتیەکانە لە کوردستان کە لەسەر بنەمای قەومی زۆمیان لێدەکرێ تەهجیر دەکرێن مافیان پێشێلدەکرێ و سوکایەتیان پێدەکرێ ، ئەگەر لە نزیکەوە بیان دوێنی هەمان ئەو حاڵەتەت بۆ باس دەکەن کە بەسەر کورد زمانەکان دەهات لە کاتی دەسەڵاتە قەومیەێ یەك لە دوای یەکەکانی عێراق . ئاخێ ئەوانە

دەبێ حاڵیان چۆن بێ لەسایەی دەوڵەتی کوردیدا ؟
بابەتەکی دیکەی زۆر گرنگ مەسەلەی ناوچە کۆشە لەسەرەکانە ، ئاخۆ کەمپی – بەدر – بیریان لەوە کردۆتەوە کە ئیمکانی بەرپابوونی جەنگێکی قەومی کە تەنیا بۆسەیەکی بەسە بۆ داگیرسان ، زۆر نزیکە و هەموو پێداویستیەکانی ئامادەن ؟ داگیرسێنەر چ بارزانی بێ و چ عەبادی لەو مەسەلەیە ناگات کە هەردوکیان دوا شتێك بیری لێبکەنەوە ماوەرانی زیاتری ئەو خەڵکەیە ،ئاخۆ قوربانیەکانی کێ دەبن ؟ ئایا هەر ئەو چین و توێژانە نین کە ئێمەی کۆمێنیست بۆیارە بەرگریان لێبکەین ؟ ئەی باشە چارەنوسی هاوچینەکانمان لە باقی بەشەکانی عێراق چی ؟ دوو بارە هەر ئەوان نابن بە کەرەستەی هەر جەنگێك ، قەومی بێ یا تایفی هەر وەك ئێستا لە شەڕی دژی داعش دا ؟
سەرباری هەموو ئەوانەش هەوێستی هێزە نێو دەوڵەتیەکانە لەبەرامبەر ئەم ڕیفراندۆمە ، ئەوە جیا لەوەی ووڵاتانی دراوسێ بە ئاشکراو بێپەردە دوژمنایەتی دەکەن ، هەر ئەم هەڕەشانە وای کردوە هەر ئێستا نرخی خۆراك لەبازاڕدا بەرزبێتەوە تەنانەت پێش ڕیفراندۆمەکەش سەرباری ئەم دۆخە ئابوریە نالەبارە ، یەکێك لەبەرپرسە باڵاکانی هەر ئەو دەسەڵاتە ووشیاری دا لە بەرز بوونەی نرخی کاڵاکان بێ چەند بەرابەر لە کاتی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمدا ، ئەگەر بارزانی برسیەتی خەڵکی لا گرنگ نەبێ وەك خۆی دەڵێ (با لەبرسانا بمرین باشترە لەوەی دەوڵەتمان نەبێ) ، ئەی باشە ئێمەی کۆمێنیست دەڵێین چی !؟
بەڵاستی جورئەتێکی زۆری دەوێ تا لە لەکەمپی ئەو هێزە بڕژوازی و قەومیانەدابی واتە کەمپی – بەدر – ، کەمپی دەسەڵات، وە ئومێدت پێی بێ ، ئەویش ئومێدێکی موزەیەف نەك واقعی ، و لە هەمانکاتدا پشت بکەیتە ئەم کەمپە پان و بەرینەی بۆبەشانی کۆمەڵگا کە پێ بە دەمیان هاوار دەکەن – نەخێر – بێ ئەم دەسەڵاتەو سیاسەتەکانی .

2017 / 8 / 12
□ □ □

یفراندم لە نێوان بڕداشی بۆ و نە خێردا … سەرکەوتی جیهاز

بە درێژایی مێژوو، کورد فرسەتکی وا گەورەی بە هێندکەوتووە، کە زەربەی کوردستانی باشور لە ژێر دەسەاتی خێدا بێت ، بڕدەوام دابەش بوە بەسەر دو بلەکدا نەتونراوە خاکی کوردی هەموی بچێتە ژێر دەستی حکومرانی کوردیەوە، بە تایبەتی کەرکوک و خانەقین و شەنگال.، کورد زیاد لە سەدیەک بە بڕدەوامی لە خەبات و تەکۆشاندایە بە سەربەخێیی کوردستان، لەئێستا بەهێی کەمێک چەمکی سیاسی و بڕژەوەندی، هۆشەک هاتێ ئاراوە، دەتوانرێت کورد خێی تیا بگەیەنێتە ئاستی داخوازیەکانی و جگەو پگەی خێی وەک کیان تیایدا بناسێت.،ئەوەی لە ئێستا بەدەستهاتووە، دەتوانرا لەماوەی 26 سااەی حوکمڕانیدا لە باشوور، پگەکانی دەوڵەتداریی لە ئابووریەکی بەهێز و نەوای دابینکردنی بڕەنگاریی سەربازیی و ایەتی سیاسیەکانی باشتر ئامادە بکردایە، بەڵام نەی کردووە. ، لەدوای رووخانی سەدام و هاتنی داعش و لە ئێستاشدا هووە کەتایی هاتنی، هۆشی ناوچەکە بەهەی قەبەیی ململانیێ سیاسی و دارایەکانو بڕیارکەکەوتنە جیهانی و ناوچەیەکانەوە، پەویستە کورد پداگری لەسەر چارەنوسی خێی بکات و ببێتە بەشێک لە لە دەستکاریکردنی نەخشەو گەانکاریی ناوچەکە، ئەمش لە خەا نابێت، پەوستی بە کەمێک ئامادەکاریی جدی هەیە، تا خێی بخزێنێتە نەو وەدەستهێنانی بەیارکانەوە.، هێشتا داعش لەناوچەکەدا ماوە، هێزە گەورەکان بە دەوڵەتانی ناوچەکەشەوە، هێز و جەبەخانەی سەربازیی پەلکەش دەکەن بە ناوچەکە، قسە لەسەر کەمێک ململانێی نوێ هەیە و ڕەژانە گەانکاریەکان بڕزو نزم دەکات ، ترسی ئەوە هەیە لەدوای داعشەوە ململانیەکانی جیهان و ناوچەکە بەئاقارێکی ترسناکتردا بڕوات. کەچی کورد لەسەر پرسی یفراندم ناکەک، گەر ناکەکیەکان نەگاتە ئەوەی هەموو لایەک بگەیانی لەپرسراویی و بژاردە دانان لەسەر سوتاندی دەستکەوتەکان، دەکرێت ترسی لەبارچوونی هەموو دەستکەوتەکان بکرێت و بگەڕێنەوە بە خاڵی سفر.، پارتی چەمکی پرسی یفراندەمی گرتووە بەدەستەوە وەک حیزب بژاردەی بە دەکات ، ئەم گایش بەینی هێزی سوری ڕەهەندە نیشتمانیەکانە کە لە غیابی پەرلەماندایە، هێزێکی سیاسی کوشندەو داشتەی مێژوویەکی ێشە، بەیە دەکرێت لە کاتی کایە

نیشتمانییەکاندا کەمێک فاکت هەیە ڕەچاوی بکرێت ، بۆتاکە هێزێک ناتوانرێت نەبەیاری لەسەر بدرێت و نە ئەنجام بدرێت وەک پەیفراندەم لەسەر چارەنوسی گەلێک.، ڕەچاوکردنی کەمێک خاک، یان بەدیووەکەی ترا پشتگوێ خستنی ڕەچاوکردن، ئەنجامدانی ئەم پرسیە، بەم ئالیەتانەی کە لەبەردەستدایە، زیانی زۆریی لە دەکەین، نەک دڵگرین پێی، بۆیە لە پشتگوێ خستنی ئامادەکارییەکاندا، کە تا ئێستا خەمان بۆ ڕەکنەخستووە، لەوانە، پتەکردنی ئیدارەی هەرێم وەک دەزگایەکی دامەزراوەیی و بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە و کاراکردنی هەر پێنج دەستەواتەکە و ئاشتی کەمایەتی و، هەروەها ڕایەڵە دیبلۆماسییەکان و ڕازیکردنی زۆربەی وڵاتان، دەکرێت ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە:

1. لە ئێستای عێراقدا هێزێکی تری بە ناوی حەشدی شەعبی لە ئامادەباشی دایە بەرامبەر کورد، کە خۆتریی هیچی کەمتر نی یە لە داعش، وە بۆتایبەتی کە سنورێکی دوورو درێژمان لە گەڵیان هەیە هەر لە شنگاڵەوە هەتا حەمرین، وە ئیمکانیەتێکی زۆری مادی و چەکی قورس و سوک [کە زیاد لە 100 دەبابە] لە بەردەستدایە، دەنیابن حەشدی شەعبی لە دوای ڕزگار کردنی حەویجە پێلاماری کەرکوک دەورو بەری ئەدات، دەبێت ڕەگا چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە.
2. – بزوتنەوەی گۆران هەتا ئێستا لە هیچ شوێنکدا نەی ووتووە دژی پەیفراندەم و دەوڵەتی سەربەخۆم. دەکرێت لەم پرسەدا ڕەچاوی داخوازییەکانی بکرێت، گەر پشتگوێ بخرێتە، ئەوا کەی پرسەکە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە.
3. – ژێرخانی کورد لە ئێستادا زۆر خراپە جگە لەو هەموو کەم و کوڕیە خزمەتگوزاریانەی لە ئاوو کارەبا و … هتد، بوونی هەیە، دەکرێت وەک فریاکەوتنێکی خێرا پشت بە گوندەکان ببەستێت و لەبەرنامەیەکی خێرادا پرۆژەیەکی فراوان بنیادبنرێت و لایەنی بوژاندنەوەی گوندەکان دەست پێبکات، تا لەکاتی گەمارۆیی ئابووری لانی کەم بەرگەی دەرکەوتکانی گەمارۆ بگرین.
ئێستا پەیفراندەم سەرتاکانی گۆشبینی پرسەکە نادیارە، کەچی شەقامی کوردیی بۆتە دوو بەرەوە، بەرەیەک لە گۆران و کەمێ و… هتد، وەک لە بەیاننامەو وتە فەرمییەکانیاندا دەبیسترێت، ئەوان لەگەڵ ئەوەدان ئەم پەیفراندەمە ماوەیەکی تر ئەنجام بدرێت و کەی حیزب و کەمەگای مەدەنی و حکوت و خەلکی بگشتی تیا بەشدار ببن ، لەوانە:

- پتەوکردنی ماڵی کورد

• ڕێگاچارەیەک بۆ گۆشەکردنی ژێرخانی ئابووری هەرێم
• ڕازیکردنی تورکمان و ئاشوری عەرەبکانی ناو کوردستان، بە پرسەکە
• گۆشەپەدان هێزی پێشمەرگە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە
• هەوەدان بە ڕازیکردنی دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان، تا پشگیری پرسەکە بکەن.
ئەم خاڵانە، دەچێتە ئاستی دەسزی و گوەدان بە پرسەکە، نەک بڕیاری دژ. بەیە لە ئێستادا ململانییەکان لەسەر پگەی باڵای حیزب و کەسایەتی، ببێتە هەکاریی پشتگوێخستنی کەدەنگی و دوو بڕیی لەم پرسەدا، هەموولایەن بەرپرسیار دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی هەکاریی سەرکین لەم ململانییەدا وەک پارتی، لەکاتەدا پرسەکە لەبار بچێت ، بەیە پێویستە بە گیانی بەرپرسیاریەتیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە نیشتمانییەدا بکەین نەک بە بەرژەوەندی وەاتان یان بە ڕیکلامی هەڵبژاردنەکان و وەک خەتی سور بیبینین . .

دوایین شۆڕکانی سیمرخ … سەلاح شوان

1

تا ئەمڕۆکەش..
هەموو ڕۆژ ێک کاتێ کە ئەوارە دادە
بەیادی عەشقە جوانەمەرگەکەی تەم
پەردەکانی دەم دادەدەمەوە
مەمە شیعرێکی گەشی وەک چاوەکانت
دادەگیرسێنم و بەدەنگ
پشت لەم سەردەمی گورگانە دەکەم و
ڕووە ڕۆژ ئاوا دادەنیشم
زەر چاوەڕێم کرد تا ڕۆکو کوەرییم داهات
ئیستاکەش خەری خواکەی تێ
لەم هەڵنەهات
تازە بەم درەنگان شۆڕ

بەم درەنگە زەمانە
بەدەم مەستی و نەستییەوە
نە خەر هەدە و نە من چاوەوان خەرم
بە مەمە کوژاوەکانی خەونەکانمدا دەچمەوە
لاپەڕە بە لاپەڕە هەیان دەدەمەوە بەکو
لەم شەوە ساردو تاریکەی دوادواییدا
تروسکاییەك ببینم
هیچ دیار نییە
وتی لەرە دانیشە
لەگەڵ یەکەم گزنگی خەرهەاتندا دەمەوە
ئیستاو ئەوسا نەمدییەوە
تا ئەمەکەش..
هەموو ڕۆژ ەك کاتەك کە ئەوارە دادە
بەیادی عەشقە جوانەمەرگەکەی تە
پەردەکانی دەم دادەدەمەوو
مەمە شیعرەکی گەشی وەک چاوەکانت
دادگیرسەنم و بەدەنگ
پشت لەم سەردەمی گورگانە دەکەم و
ڕووو ڕۆژ ئاوا دادەنیشم
خەی پەی وتم
کاڵ و کرچە بەری داری زەی ئەوان
بەش و بەتاڵە پەیامی پەغەمدزان
من بە خوەنی باخچەی تەەن بەت دەنووسم
گەر یەك جار بیخوەنیتەوە
ئیتر پەویستت بە پاپەڵە نابەت تاکو
دەریاکانی هوشیاری پە پەی بکەی

2

با شەویش بەت و با دنیا
ئاگربارانی دەزەخ بەت
من ئەیبینم
خەی بە پەەی گوەکی وەریو پەشیوە
تا بە ئاگری دەزەخی مارس نەسووتە
تە سەیریکە..
ئەم گەردوونە چەن لە گەمی
قیری تواوەی تاریکیی خودای جەنگدا

تواوەتەوەو خنکاوە
ئەو شیعرە؛ یان کەنە دەی عەشقەکە
وا بە شمشێری خوداکان ئاوەها لەتلەت کراوە؟
ئەو ئاواتەکانی منە یان...
ئاوازەکانی داوودە
وا دەی ئەمدیوو ئەودیو
بە تیری رق سەنراوە؟
بەردبارانە، ئاگربارانە،
غەمبارانە ئەم گەردوونە ئەمشەو
کوا تازە بە من چار ئەکرە
ئەم بەزم ورەزمی زەمانە!
کوا تازە من چارەسەری ئەم بەزم ورەزمی زەمانەم پەدەکرە

3

ئەسستا لە دوایین هەنگاودا
ئاوە دەدەموە رێگام خەەمەشە
نازانم کە پەشتر گەی تەبەرداوە
نازانم کە
کە بوو؟ بەچی؟
گوڵزارەکەی ئەوسای جێگا دەداریمانی کردووە
بە وشکە خاکەکی وەکو
وەکو دەم رەق و چەە و شەقار شەقار؟
ئەو وتی ئەستاش هەر ماوە
تە نایبینیت
کوڕە چاوەک خەو بە خەری سبەینەوە نەبینە
وەرانە دەەک نەبەتە چوارچەوەی خەرەکی عەشق
من هەردوو خەرەکەم دەەاند

4

ئەو وتی بەسە با ئەمشەو
لەوە زیاتر نەخەینەوە
من دوایین شیعرم هەشتاکە لە نیوەبوو
کە سەیری دەوری خەم دەکەم کەس نەماوە
هیچ کوێیەکم لە دیار نییێە
هیچ دەنگەکیش لەم مەیخانەیەوە نایا ئەم شەو
دنیا ئەم شەو مەیخانەیەکی چەەی داخراوە

وەرانە؛ وەرانە؛ وەران
ئەم خاکی خوایە خەووە
تاریکە خاکە ئاگەم شەو
منیش لە خوا
تەنیا ترو
دەتە نگترو
بەزارترم

5

خوا جارەکیان
شەرەکانی خەی بەردایە گیانم تا بمخەن
من شیعربارانیانم کرد
بەەام تا ئیستاش نەەیان
دەتە گوەم لەو دیو دیواری
زەمانەوە خەیان مەەاس داوە بەم و
رەژەك دەت پەلامارم بدەن

6

من وتم بەەشتم ناوە
بە روباری شیرو شەراب و هەنگوینەوە
تەنیا شیعرەک
تەنیا پەکەک
بەیادی چاوەکانی ئەو
بیخەمەوە

7

...ئا ئەمە نا
دوەنبوو هەر تەنیا دوەنە
رەوە کەترەکی سپی
ئا لەردا هەەنیشتبوون
نازانم کام گەردوولی قینەك هات
راپەچی ئەودنیانی کردن...؟!
کامە دنیا؟ کامە ئەودیو؟
دنیا هەریەك دیوەو هەرگیز
خوا رووەکی دیکەی نییە
ئاسمان هەر یەک رەنگە هەرگیز

راستی ڕەنگی دیکەی نییە
شیعر هەر یەك دەنگە، باران
هیچ دەنگەکی دیکەی نییە…
ئێودیو، ئێوسا، ئێودنیاو ئێو…
ئێو هەموو ئێوانەی دڕژن
کەی؟ لەکوێ؟ چۆن دەردەکەون؟
من چاوەڕوانیی زیاترم پێناکرێ
من خودای دووەووم بەچییە

8

لەوەتەی هەم دەخولەمەوە
بە دەوری خەم و ئێوان و شوێنکان و کاتکاندا
نە چراکەی دیجینەسم پێیە نە
زوێناکەی داود
هەرچی هەیە وەکو من دەخولێتەوە
بەدەوری خەی و خودادا…
زەوی و خەرو ڕەی کاکەشان و گشت گەردوون…
دەخولێنەوە
خەکی لە دەوری بەردە ڕەشکەی دەستی راستی ئەدا
دایکم پێمی دەگوت: لە دەورت گەم
شەفەر لە دەوری فولکەکەی سەرا
گەردەلوول، گەژەنگ،
ئەتەم و ئێوەی نایبینین
هەر هەموو دەخولێنەوە…
ئەی خودا بەدەوری کە، چیدا دەخولێتەوە؟
ئەم خولانەوانە گشت پووچن
خولانەوەی من و زەوی و ئەستێرەکان گشت گەردوون
کە دەتوانێت رایان بگرێ؟

9

کە لە خولانەوە رادەوەستێ؟
کە لە کوێدا رادەوەستێ؟
لە سەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی؟
سەرەتای کەڵان یان شەقام؟
سەرەتای ڕەژ؟ خواردن؟ کردن؟
سەرەتای ژیان؟ یان مردن؟

کوا سەرەتای من لە کۆتوە دەست پێدەکات؟
لەدایکبووون یان کەرپێیی یان لە لەشی دایک و باکمدا
ئەی ئەوان لە کوێیان هەنام؟
ئەمما دەڵێت: لە ئادەم و لە حەواوە من هەناتم
داروین دەڵێت: لە دوو ترشەکەی دەریاوە
ئەی دەریا خەی لە کۆتوە هات؟
ئەی خودا خەی لە کۆتوە هات؟
منیش هەر لەوەوە هاتم
هیچ شتەک سەرەتای نییە
هیچ شتەک کۆتایی نییە
هەموو شتەک خەی سەرەتاو کۆتایە
ئەگەر بتوانین بیبینین

10

تە ووو لەکامیان دەکەی؟
کامیانت پێ واز لێدێت؟
نوێژو نزا، یان خواردن و هەناسەدان؟
مزگەوت جێگای کامیانە؟
خە دوو شووتی بە یەک دەست هەڵناگیردرێت
بەیە زەردەشت وتی:
یەک درێیە، هەمووی دوانە
بوون و نەبوون، تاریک و رووون
سەرەتاو کۆتایی
چاک و خراپ

11

هەشتا سەرەتای بەهاربوو
کە جەژنی هەشتم
لەوساکەوە بەدوای خێیدا
چوار وەرزێیکی باران و گەڵارزانی
بە جەهەشتم
کە پایزو گەڵارزان و مردنی بەمان هەنا
کە کوشتن و درەو رقی پەمان بەخشی
کە ئەم دنیایەی وا دانا
ئەگەر هەیە دەستی شکە

12

بە لاپەڕەی کاڵبووەوەی تەمەنمدا دەچمەوە
بەرەو دواوە، بەرەو دواتر…
تاکو دەگەمەوە ئەوە
ئەوە لە باوەشی دایکم
لە پایینی (خانخانان)دا…
بەڵام نازانم بۆ؟ کەی؟ چۆن؟
نە دایکم ، نە باوکم ، نە ئەوەش هیچیان نەماون
کە ئەو هەموو خانەی سیوەتەوە؟
خەم و خەشی ، خەون و خەیاڵ،
هەست و سۆز و ئاوات و ئومیدی بەتاڵ
بەتاڵەوە بەتاڵەوە بەتاڵ…
ئەم گەردوونە، ئەم ژیانە
پڕە لە بەش و لە بەتاڵ
ئەم گەردوونە بەخاوەنە
کە یەکەم بەردی داناوە؟
بۆچی ئیستا دیار نەماوە؟
بۆ دروست بوو؟
بۆچی؟ کەی؟ چۆن؟ لەناو ئۆچۆ؟
کە وەڵامەکی هەیە بەم؟
پێش مەدنم با پەم بڕۆ
تا بۆ بەتاڵی نەمرم

13

منیش ڕۆژە لە ڕۆژان منابووم
خۆشەویستی دایەو باوە
ئیستاکە پیرەکی تەنیای پە
پە لە ئاگری کوژاوە؟
ئیستا لەسەر کەلی
ئاوابوونمدا وەستاوم
دواین سەرنج
…دواین ئاووە
لە رابوردوو دەدەموە
ڕەگایەکە
بە بست هەر بستە دوان ئەبە
بە کاتیش وەها درێژە

لەسەرەتای ئەم دنیایەوە
هەر هەیەو هەر هەبووە
تا کۆتایی ئەم دنیایەش هەر ئەمنە
هەر دووکەوتو تەپوتۆزە
دووکەڵی دانەمرکاوەی
ئازارو غەمەکان هەشتا
بونچووکیان لە هەناسە
تەپوتۆزی ئاژاوەکان
هەشتا سەرو چاوی ئەوانی پێشیوە
گوڵی شیعرەکانم سیس و هەوڕیون
تاشە بەردی بیرەکەکانم هەشتاکە
ڕەگاکەیان تەنگ کردووە
ئەو هەموو گەردانەی عەشقە
?بە بەلانە جەهەنەراون
?کە هەندەکی لەگەڵ خەیدا بردو دەیی
نازانم.بە پێشم کەوتن
:خە من وتم
مەرگم بە پێش مەرگتان کەوە
وتم مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەر هەرگیز
دەسگە گوە و دەسکە نەرگیز
بەچی کەسە نەبوو جارە گوەم لەبگرە
کاتە وتم:

14

کوانە ئەوەی ئەژن گوڵی لە خشڵی ماروميروەە، کوا؟
?بەچی ئیستاکە کەبووە
دریە دریە دریە
کەس نییە گوە لەکەس بگرە
هەر دووکەڵەو… هەر تەپوتۆز
وتی بەر بەدواوە مەکە
ئەگینا دەتکەم بە بەرد
ئەم هەموو بەردانە کەبوون؟
چییان دەوت؟ چییان دەکرد؟
کە دەزانە؟
لەکە پرسم؟
کەبوو وتی: ئاخر شیعر بەکە بەم

کوا کە ماوە دڵکی ئاشقانە هەبێت
زەمانی دە بەردەکانە ئا ئەم زەمانە، ئەم زەمان
زەمانی مرۆڤ خرانە
زەمانی درۆبارانە ئەم زەمان
هەزاران ساڵبوو بەدنگبووم
وامدەزانی گورگەکانی ئاغای کوردە دەیەکەمان
خواردوویانە
بەڵام کە گوێ دەورە
دەیان تاوی گوێی نەمر جەدەهەڵ
وتیان گوێ کوییەکان بگرن، بیانکوژن،
ئەمە تەنیا گوێی سەر مەزمان گرەکە
بچن لە بازاڕی خۆفرۆشاندا بیکڕن
ئەو گوێزارانە وەرانن کێن
کە گوێ بە خەیان ناگرن
وەرانە وەرانە وەران
ئەمەکە خاکی کوردستان
کە گوێی یاخی ناگرێ
وەرانە خاکە ئەو خاکەی
جێگای گەڵی
شاعیرێکی گەلی تەدا نابێتەوە
جێگای دڵی عاشقێکی
خەمان گەستەی وەک منی تیا نابێتەوە
نالی، حاجی، شێخی سەنعان
ئەوانی تری گەڵ غەریبان...
وەرانە خاکە ئەو خاکەی
کرا بە جێی گەڵ پەرستان
کرایە جێی براگەورەو
سەری گەورەو
کەری گەورەو خودای گەورە
من گەورەکان ناپەرستم
بچووکەکانم خۆشدەوێ
وەک کانیەکەی گەران و
پەکەکەی دەستی خەیام و
گەچانەکەی دەستی شارلی و
کەرکەی حەزرەتی نالی

من وەتەکم بۆچییە
شەرەفی پیاوو سەرانی
لە ریشی پان و سمێ و
ناوگۆی ژنەکانیان بە

16

ئیستا گورگەکانی ئاغا
سەگە دڕندەکانی کوخا
کەبەیان لە شیعرەکانم گیرکردووە
دەیانەوێ جریوەکانی خۆفرکێن
خۆ من داوود نەبووم کۆچی
ویستیان گۆرانیی خوایان بۆ بڵێم
کەی سروودی سروودەکان
لە ناو قەفەسدا وتراوە
کەی خوێنی ئاو
لە ناو زەلکاودا خوێنی دێ
کەی ئەهریمەن لە ژێر خەردا
بە گوناهکاری دەگەڕێت
بەشە
ناهەق
ناڕەوا
هەرچی هەیە لە سەر زەوی و
لە ژێر ئاسماندا بەتاڵە
ناڕەوایە
بەتاڵە وەک
دڵی گورگەکانی ئێمە
ناڕەوایە وەک کوشتنی شیعرەکانم
لە باخچەکەی ئێمەدا دەستم برد بۆ گوڵە
ئەو جەندرمەکانی خەی ناردە گیانم
لە پای گوڵە هەزاران دەکی قینیان
چەقاندە ناو دڵی خەم و شیعرەکانم
من دڵی دەکاویم ناوە
من خوایەکم...
من خوایەکم ئەوە چەتەو شیعرکوژی
نەبەت و دڵی هیچ کەسەک
دەکاوی و ژەهراوی نەکات

وتیان خودا
لە خشەی مارو مەرووڵەش ئاگادارە
کە چووم گلەیی لا بکەم
لەوە نەبوو
وتم ئاسمان لە گیرفانی بۆتانی من بۆتانترە
وتیان بەوانە حەلاج و
گیڤاراو
شیعرەکانی خۆت
خۆت لە هەناسەی ساردی من ئەپارێزی و
ئەشاریەوە…
نەک ببە بە گەردەلوولی ئەشقەك و
ئیتر ئەشق راپەچت کاو
بتباتەوە بە دەزەخی دەداریەکەی جارانمان
بۆتانە، بۆتانە بۆتان
کە ئەم شووشانەی بۆتانکرد؟
چەپڵە نییە بیخەینەوە
کە ئەم روبارانەی بۆتانکرد؟
کە ئەم ئاسمانە…
ئەم گەردوونەی…
ئەم ژیانەی بۆتانکرد؟
دەستی شکێ

بارزانی لەسەر ئەم 10 خاڵە متمانەی لەدەستداوە… جەلال هەرێنی

کاتێک کەسێک سەرکردەی وڵاتێک دەبێت پێش هەموو دەست کەوتە دبلۆماسیی و سیاسیەکان ، هەوەی متمانە لە نێو گەلەکەی خۆی دەدات ،ئەگەر سەرکردە متمانەی گەلی لەدەستدا ، ئەوا نیشانەی نا ئارامی لە ووڵاتە یان ناوچەکە بوونی هەیە.
مسعود بارزانی کەماوەی زیاتر لە 12 ساڵە سەرکی هەرێمی کوردستانە

نەیتوانیوە ،ببێتە پردێک لە نێوان خەڵک و دەسەڵات، ئەم پیاوە هەوڵی نەداوە پێستەکەی بە خزمەتی گشتی بەکاربهێنیت و باوەڕ بە تاکی کورد بکات ، کە ئەم سەرکەوتنە هی حزبێک نیە ، موڵکی هەموو میللەتە.
ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانا رووبەدات ،هەڵکشانی سیاسەتی هەڵەی بارزانیە ،هەڵە بەمانای دژایەتیکردنی بنەماڵەکەی نا ، بەڵکو بەمانای نەبوونی شارەزایی لە سیستەمی بەڕێوەبردن ، بەداخەوە ڕاوێژکارەکانی بارزانیش زۆر جار ئەم پیاوەیان بە هەڵە بردووە.
لەو دەنیام هەموو میللەتی کورد بنەماڵەی بارزانی و بارزانیەکان کە تووشی جینێسایدبوون بەملکەی خەیان دەزانن بەڵام مسعود بارزانی نەیتوانیوە لەو ڕێگایەوە هەست و نەستی خەڵک بجوڵێنێت و متمانەی هەموو کوردستان پەیدا بکات.
چونکە مسعود بارزانی لە ماوەی سەرکایەتیکەیدا ئەوەندە پارتیانە هەڵسوکەوتی کردوە ، نیو ئەوەندە وەک سەرکی کوردستان هەڵسوکەوتی نەکردووە، تەنانەت ئەم هەڵسوکەوتەی لە سەفەر و دیدارەکانی بەدەرکەوت.
بەرزانی دەیتوانی لەو کاتەی وەک سەرۆک دەست بەکاربووە هەوێبدات هەموو لایەنەکان لەخەی کەبکاتەوە ، بە جیاوازی کاربکات ،بەڵام نەیکرد ، ئەوەندە پارتیانە کاری کرد و نیوە ئەوەندە وەک سەرکێک نەیتوانی ئەرکەکانی جێ بەجێ بکات.
لەدنیا وابووە سەرۆک نوێنەری گەل بووە، بەڵام لە کوردستان بەرزانی نوێنەری حزبێک بووە ئاگەر ویستویەتی وانەکات بەڵام لە هەڵسوکەوتی وابووە.
بابەتی ریفراندەم یەکێکە لەو بابەتە نشتیمانیانەی کە موڵکی گەلەکە، پیویستە هەموو کورد پێکەوە بریار لەسەر ئەو ئەرکە نیشتمانیە بدەن،نەک بارزانی لەپێناو ئەوە بە مژوو بڵێن ئەو کردی گەلیک برسی بکات.
هەنگاو لە مژووی ژیانی سیاسی بارزانی اوەروانی ئەوەی نەکردبێت ڕۆژێک لەسەر سەربەخۆی کوردستان بڵتایبەت دانانی کات بە ریفراندم کەمپینی دژ بکرێت ،ڕاگەیاندنی ئەهلی لەبەرامبەری ریکلام بە نەخێر بکات.

چونکە بارزانی شکستی هێنا لە :

1- وەک سەرکی میللەتێک سەرکایەتی بکات ، بگرە ئەو وەک نوێنەری حزبێک بوو.
2- لەسەردان و بەسەرکردنەوەکاندا ئەوەندەی بنەماڵەکەی بە لاوە

گرنگ بوو ئەوەندە گرنگی بەلایەنە سیاسیەکانی نەداوە.
3- نەیتوانی ژیانی تاک فەراهم بکات و برسێتی رووی لە کوردستان کرد بەهۆی سیاسەتی ناشەفافی لە نەوت و داهاتەکان.
4- نەیتوانیوە گەندەکاران بداتە دادگا ، چونکە بەشێکی زۆری لەکەس وکاری خۆیەتی .
5- یەدواداچوونی بە پرۆژەکانی حکومەت نەبوو ، پشتی بە کەسەکانی خۆی بەستووە کە تیۆگلاون لەگەندەڵی.
6- بارزانی هەمیشە رقی هەڵگرتووە لە بەرامبەرکەی رقەکەی وەک کەسیتی بووە ، ئەم پیاوە رقی سیاسی و کەسێتی تێکەڵ کردوە.
7- بەشێکی زۆری پێستە گرنگەکانی حکومەتی بە بنەماڵەکەی بووە ، متمانەی بەخەڵکی تر نەبوو، بۆیە خەڵکیش متمانەی بەو نیە.
8- حزبەکەی لەسەربنەمای پارە وەستاوە دەسەزی تەدا بووەتە پارەپەدان ئەمەش کەتایی دێت .
9- باوەڕ و متمانەی بە سەرکردەی حزبەکانی تر نەبووە ، ئەوەندەی باوەڕ ومتمانەی بە دوەڵتانی بیگانە و دراوسێ هەبووە.
10-سیستەمی بەڕێوەبردن لای بارزانی سیستەمێکی بنەماڵەیی بووە نەک ئیداری دانراو.